

# لە چی پەشێمان بین؟ لە ئەنجامدانی ریفراندۆم؟!!

## هەر دەوڵەتێک پشتگیریی دیکتاتۆرەکان بکات سەرەنجام باجەکەشی دەدات

پەیامنێری کەناڵی BBC لەدیمانەیەکیدا لەگەڵ سەرۆك بارزانی کە چەند رۆژێك لەمەوبەر پەخشی کرد، ئەو پرسیارەی لێدەکات: ئایا لە ئەنجامدانی ریفراندۆم پەشێمان نین؟ بێگومان سەرۆك بارزانی چ وەك شەخس کە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئەنجامدانی ریفراندۆم بووە و چ وەك بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم کە بڕیارێکی دەستەجەمعیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بووە و ئەویش بەشدار بووە، چ وەك هاووڵاتییەکی کوردستانیش کە چۆتە سەر سندوقەکانی دەنگدان و بە بەڵێ دەنگی بۆ سەربەخۆیی کوردستان داوە، هەرگیز لە بڕیارێك پەشێمان نییە کە لە پێناویدا نزیکەی ٦٠ ساڵ چەکی پێشمەرگایەتی کوردستانی کردبێتەشان و بەپشت بەستن بە دۆستە دێرینەکەی کوردستان کە (چیاکانمانە) خەباتی بۆ کردبێت. لەمەش زیاتر لە بڕیارێك پەشێمان نابێت کە خزمەتی دیالۆگ و برایەتیی نێوان نەتەوە جیاوازەکانی ناوچەکە بکات .

ئەوجا با لێرەوە لە هەڵوێستی پێشمەرگانە و نیشتمانییانەی سەرۆك بارزانی گەڕێین کە هەڵوێستێکی نەگۆڕە و هیچ هێزێك نییە بتوانێت لەمافی مەدەنی و ئازادیخوازانەی نەتەوەکەی بە شێوازی ئاشتییانە، پاشگەزی بکاتەوە، دێینە سەر ئەو وڵاتەی کە خاوەنی کەناڵی BBC و پێشکەشکاری کەناڵەکەش خۆی باش ئاگادارە کە لەماوەی یەك دوو ساڵی رابردوو، دوو پرۆسەی ریفراندۆمی گرنگ لە بەریتانیا بەڕێوەچوو، یەکەمیان بۆ جیابوونەوەی سکۆتلەندا لە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا بوو، دووەمیان بۆ جیابوونەوەی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا بوو لە یەکێتی ئەوروپا، هەردوو ریفراندۆمەکەش بۆ جیابوونەوە بووە لە دوو سیستمی فیدڕاڵی. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ جیابوونەوە، یان بوونە بەشێك لە سیستمێکی فیدڕاڵی تاوانە؟ ئەگەر تاوانە چۆن بەریتانیای خاوەنی یاسای مەکنەگارتا رێگە دەدات تاوانی لەوجۆرە لە وڵاتەکەی ئەنجام بدرێت؟ یان ئەگەر تاوانە چۆن کەناڵی BBC لە هەردوو پرۆسەی ریفراندۆمەکەدا، تەواوی پەخشی ئاسایی خۆی رادەگرێت و راستەوخۆ رووماڵی جۆش و خرۆشی جەماوەرەکە دەکات لە پرۆسەی دەنگدان بە ( بەڵێ یان نەخێر)دا؟

دیارە شەرعییەتی ریفراندۆم لە ئیرادەی راستەوخۆی گەلەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە هەڵوێستی سیاسیی حکومەت، یان پەرلەمان بەرامبەر ئەو ریفراندۆمە پشتگیریکردن بێت، یان رەتکردنەوە، هیچ لە شەرعییەت و رەوایەتی ئەو ئیرادەیە ناگۆڕێت و ئەگەر ئەو دەوڵەتە کەمێك رێز لە ئیرادەی گەلەکەی و یاسا و دەستووری وڵاتەکەی بگرێت، ئەوا دەبێت هەڵوێستی سیاسیی حکومەت، یان پەرلەمان، تەنانەت سەرۆك وەزیرانیش، ملکەچی ئیرادەی گەلەکەی خۆی بێت. ئەوجا ئەگەر پەرلەمان، یان حکومەت، یان سەرۆك وەزیران ئیرادەی گەلەکەی خۆی کردە تاوان و لەسەر ئەوەی گەلەکەی بە ئازادانە رای خۆی دەربڕیوە، بە هێزی سەربازی پەلاماری بدات و چەندین جۆر گەمارۆی وەك سزای بەکۆمەڵ بەسەر گەلەکەی خۆیدا بسەپێنێت، ئەوا نەك هەرپێی ناگوترێت سیستمی فیدڕاڵی و دیموکراتی، بەڵکو ئەوە زیندووکردنەوەی دیکتاتۆریەتێکی هاوشێوەی رژێمی سەدام حوسێنە کە بەریتانیای سەردەمی تۆنی بلێر بەبێ ئەوەی چەترێکی نێودەوڵەتیش بۆ رووخاندنی ئەو رژێمە بوونی هەبێت، بەشداری کردو رژێمەکەی رووخاند.

لایەنێکی دیکەی ئەو پرسیارەی کەناڵی BBC لە سەرۆك بارزانی کرد، بێگومان لانیکەم بەشێکی هاووڵاتیانی بەریتانیا دەیبینن، پرسیاری ئێمە لەو کەناڵە ئەوەیە، ئایا شاژنی بەریتانیا دەتوانێت ئەو مافە بەخۆی بدات بە هاووڵاتیەکی بەریتانی لە لەندەن بڵێت: ئایا پەشێمانیت دەنگت بۆ جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا دا؟ بێگومان هەموو جیهان هەڵوێستی دیڤید کامیرۆنی سەرۆك وەزیرانی



بەریتانیای بەرامبەر ریفراندۆمەکەی سکۆتلەندا بۆ جیابوونەوە لەبەریتانیا و ریفراندۆمەکەی بەریتانیا بۆ جیابوونەوە لەیەکێتی ئەوروپا بینی، لەمەش راشکاوانەتر هەموو جیهان بینی کە دیڤید کامیرون دژی هەردوو ریفراندۆمەکە بوو، واتە هەم جیابوونەوەی سکۆتلەندا لەبەریتانیا و هەروەها بەریتانیاش لە یەکێتی ئەوروپا، بۆیە هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی دەنگی نەخێر لە دەنگی بەڵێ زیاتر بێت، لە یەکەمیاندا، توانی سکۆتلەندییەکان بگەیەنێتە قەناعەت بۆ ئەوەی دەنگی نەخێر لە دەنگی بەڵێ زیاتر بێت، بەڵام لە دووەمیاندا نەیتوانی گەلی بەریتانیا بگەیەنێتە قەناعەت بۆ ئەوەی بە نەخێر دەنگ بۆ جیابوونەوە لە یەکێتی ئەوروپا بدەن، لەمەش زیاتر کامیرۆن سەدان بەڵگەی لەبەر دەستدا بوو کە جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا، زیان لە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا دەدات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئیرادەو دەنگی گەلی بەریتانیا لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە، دیڤید کامیرۆن بێجگە لەدەست کارکێشانەوە، رێگەی دیکەی لەبەردەمدا نەبوو، نەیتوانی رێگە لە جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا بگرێت.

لەسەر ئەم بنەمایە، گەلی کوردستان چاوەڕێی ئەوە نەبوو کە بەریتانیا، یان هەر دەوڵەتێکی دیکە پشتگیری لە پرۆسەی ریفراندۆمی گەلی کوردستان بکەن، بەڵکو داواکاری ئێمە ئەوە بوو دژی رانەوەستن و بوار نەدەن بە هێرشی سەربازی میلیشیای حەشدی شەعبی و چەکی بەریتانی و ئەمریکی مامەڵە لەگەڵ پرۆسەیەکی دیموکراتی و مرۆیی بکرێت، بەڵام بەداخەوە بەریتانیا بەرامبەر ریفراندۆمی گەلی کوردستان نەك هەر مافە گەردوونییەکانی مرۆڤی پێشێل کرد، بەڵکو بەرژەوەندییەکانی وای لێکرد رەفتارێك بکات کە شایستەی ئەو بەریتانیایە نەبێت کە خۆی بە خاوەنی یاسای مەکنەگارتا و شۆڕشی پیرۆز و شۆڕشی پیشەسازی بزانێت. ئەمە لەکاتێکدا دەبوو بەریتانیا رۆڵێکی شایستە بە رۆڵی مێژووی خۆی بگێڕێت، هەروەك دیڤید کامیرۆن لە ریفراندۆمی سکۆتلەندا گێڕای، گەلی سکۆتلەندا ریفراندۆمی خۆی ئەنجامدا، بەڵام سەرەنجام لە بەریتانیا جیا نەبووەوە.

ریفراندۆمی ٢٥ی ئەیلوولی کوردستان، لەسەر بنەمای دەستووری عێراق ئەنجامدرا، لە دیباجەی دەستوورەکەدا هاتووە کە جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە یەکێتی ئارەزوومەندانەی عێراق دەپارێزێت، بۆیە ریفراندۆم بۆ ئەوە بوو جیهان ئۆپشنێك بخاتە بەردەمی گەلی کوردستان، ئەویش یان ئەوە بێت گوشار بخەنە سەر حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی دەستوورەکەی خۆی جێبەجێ بکات، یان ئیرادەی گەلی کوردستان ئازاد بکات بۆ ئەوەی لە بەندیخانەی عێراق بێتە دەرەوە، بەڵام کە بە هیچ جۆرێك هاوکاریی گەلی کوردستانیان نەکردو پاشانیش زۆر دڕندانە تیشکی سەوزیان دایە حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی بە زەبری هێز کوردستان داگیربکاتەوە، ئەوا گەلی کوردستان لە بڕیاردان بۆ ئەوەی بە ئازادی بژی هەرگیز پەشیمان نابێتەوە. خۆ ئەگەر دەوڵەتانی لانکەی لیبراڵ دیموکراتی و مافی مرۆڤیش، هەر پشتگیری دیکتاتۆرەکان بکەن و هەوڵبدەن ئیرادەی گەلی کوردستان بشکێنن، ئەوا گەلی کوردستان دەمێکە بڕیاری خۆی داوە بە گەڕانەوە بۆ لای دۆستە دێرینەکەی کە چیاکانی کوردستانە، خەباتی سەرسەختانە بۆ داکۆکیکردن لە بڕیاردان بۆ ئازادی دەست پێدەکاتەوە کە ریفراندۆم و ئاکامی ریفراندۆم سەرتۆپی هەموو ئەو بڕیارانەیە کە بۆ گەیشتن بە ئازادی داومانە، ئێستا گەلی کوردستان چاوەڕێی ئەوەیە جیهان بە هەڵوێستی خۆیدا بچێتەوە و بەغدا ناچار بێت رێز لەدەستووری عێراق بگرێت و وەك خۆی جێبەجێی بکات، ئەگەر ئەمە نەبوو، سەرۆك وەڵامی تەواوی BBC و هەموو جیهانی دایەوە و ئەو کاتەش گەلی کوردستان بڕیارێك دەدات کە شایستەی وەڵامدانەوەی ئەو بارودۆخە بێت کە دەیانەوێت ئیرادەی گەلی کوردستانی تێدا بشکێنن.



# بەشداری ئەمساڵی حکومەتی کوردستان لە کۆڕبەندی داڤۆس مانایەکی جیاوازی هەبوو






**لایەنی سەرکەوتوو لە دیدار و کۆبوونەوەکانی نێچیرڤان بارزانی لە کۆی هەوڵە دیپلۆماتییەکان بەگشتی و لە کۆڕبەندی جیهانیی داڤۆس-ی ٢٠١٨ ئەوەی بۆ پشتڕاست کردینەوە کە بەرژەوەندیی عێراق و ناوچەکە و جیهانیش لەوەدایە کە هەرێمی کوردستان بەهێز بێت و پشتگیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت، بۆ ئەوەی گیانی لێبوردەیی و پێکەوەژیان لانیکەم لە بەشێکی عێراق کە هەرێمی کوردستانە بەردەوام بێت**

ئەمە جاری یەکەم نییە، شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە جیاو هاوتا و هاوشانی شاندی حکومەتی فیدراڵی عێراق بەشداری کۆڕو کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکانی هاوشێوەی کۆڕبەندی ساڵانەی (داڤۆس)ی جیهانی دەکات، پێشتریش شاندی هەرێمی کوردستان ساڵانە بەشداری کۆڕبەندی داڤۆس و کۆنفرانسی میونشنی بۆ ئاسایشی جیهان کردووەو بە هەمان شێوەی کۆبوونەوە و دیدارەکانی ئەمساڵی شاندی کوردستان بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی، دیدار و کۆبوونەوەی هەمەلایەنەی لەگەڵ سەرۆك و سەرۆك وەزیران و وەزیرانی بەرگری و دەرەوەی وڵاتانی جیهان ئەنجامداوە، بەڵام جیاوازیی بەشداری ئەمساڵی کوردستان بۆ کۆڕبەندی جیهانی داڤۆس لە چاو ساڵانی پێشوو، لەوەدایە کە هەرێمی کوردستان، پێش کەمتر لە ١٠٠ ڕۆژ لە کردنەوەی ئەم کۆڕبەندە جیهانییە، رووبەڕووی پیلانێکی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی بووەوە و هەڕەشەیەکی زۆر ترسناك و جددی کەوتە سەر وجوودی کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا، لە هەمانکاتدا کەوتە ژێر چەندین گەمارۆی ئابوری و سیاسی و ئاسمانی لەلایەن حکومەتی فیدراڵی عێراقەوە، کە هەتا ئێستاش ئەو گەمارۆیانە بەردەوامن و، پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغداش وەك ئەوەی پێویستە لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا رێکبخرێت، لەبەریەك هەڵوەشاوە و حکومەتی فیدراڵی بەغدا بە کردەیی رێز لەو ماف و دەسەڵاتانەی هەرێمی کوردستان ناگرێت کە دەستووری عێراق دیاریکردووە. هەربۆیە کاتێك لەمیانەی ئەو سێ رۆژەی کوڕبەندی جیهانی داڤۆس، شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان دەبینی بەو ئاستە لەلایەن پادشا و سەرۆك وەزیران و وەزیرانی دەرەوە و بەرگری وڵاتانی جیهانەوە پێشوازییان لێدەکراو دیدار و کۆبوونەوەی تایبەتیان ئەنجامدەدا، ئەوا هەموو دیدار و کۆبوونەوەکان یەك پەیامیان ئاراستەی کوردستان و عێراق و جیهان دەکرد، ئەو پەیامەش ئەوە بوو کە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو سیاسەت و ستراتیژەی لەماوەی کەمتر لە ١٠٠ رۆژی رابردوو بۆ بەڕێوەبردن و وەرچەرخانی ئەو پیلانە ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییە پیادەی کردووە، نەك هەر سەرکەوتوو بووە، بەڵکو تەواوی ئەو پیلانەی پێچەوانە کردۆتەوە و هەڕەشەی وجودی لەسەر کیانی سیاسی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی لەچوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا، لەسەر نەماوە و جیهانیش وەك کیانێکی سیاسی رێز لەو ماف و دەسەڵاتانەی هەرێمی کوردستان دەگرێت کە لە دەستووری عێراقدا دیاریکراون.

چوونی شاندی حکومەتی کوردستان بە جیا و



هاوشانی شاندی حکومەتی فیدراڵی بۆ داڤۆس، ئاماژەیەکی ئەرێنی نییە بۆ نییەتی حکومەتی بەغدا، بەو مانایەی ڕێز لە شەرعییەتی هەرێمی کوردستان وەك کیانێکی سیاسی دەستووری دەگرێت، بەڵکو ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە چیدیکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەتیش ڕۆژئاوا لە حکومەتی بەغدای قبووڵ ناکەن کە ڕێز لە دەستووری عێراق نەگرێت و مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان پێشێل بکات، بێگومان پێشتریش دەوڵەتانی ئەورووپا لەسەر پێشێلکردنی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان و ڕێگرتنی حکومەتی بەغدا لەسەردانی وەزیران و نوێنەرانی دەوڵەتانی ئەورووپی بۆ هەرێمی کوردستان بێدەنگ نەبوون و هەڵوێستی دیپلۆماتی و پرۆتۆکۆڵیی زۆر توندیان بەرامبەر حکومەتی بەغدا پیشانداوە، تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی وەزیران و نوێنەرانی هەندێك دەوڵەتی ئەورووپی سەردانەکەیان بۆ عێراق هەڵوەشاندۆتەوە.
هەر بۆیە کە لەمیانەی دیدار و کۆبوونەوەکانی شاندی حکومەتی کوردستان دەبینین، دیدارێکی تایبەت لە نێوان نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و د.حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی فیدراڵی عێراق بەڕێوە دەچێت، ئەمە پیشانی دەدات کە حەیدەر عەبادی گەیشتۆتە ئەو ڕاستییەی کە دەبێت ئەمری واقیعی جێبەجێکردنی دەستووری عێراق وەك یەك سەفقە پێکەوە جێبەجێ بکات، بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠یشەوە تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشەی یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، هەروەها پیشانی دەدات کە عەبادی و تا ڕادەیەکی زۆر لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراقیش کە بەنیازن بۆ ١٠٠ ساڵی دیکەش حوکمڕانیی عێراق بکەن، بێگومان بەشێوازەی خۆیان دەیانەوێت و مەبەستیانە، ئەوا لەم ڕووەشەوە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەگەر نەتوانن لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا ڕێز لە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بگرن، ئەوا ئەو خەون و خەیاڵەی بۆ حوکمڕانیی داهاتووی عێراق هەیانە، دەبێتە خەونی حوشتر و بارودۆخەکەیان بە جۆرێك لێ تێکدەچێت کە ئاوات بۆ ڕابردوو بخوازن.

ئەقڵییەتی حوکمڕانیی عەرەبی شیعەی عێراق کە لەماوەی نزیکەی ١٥ ساڵی ڕابردوو بۆ حوکمڕانیی عێراق پیشانیانداوە، ئەو ئەقڵییەتە نییە کە بڕوایان بەوە بێت، دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای دەستوور و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە بونیاد بنێنەوە، یان ئەو ئەقڵییەتە نییە کە هەوڵیان بۆ ئەوە بێت، ئەو زوڵمانەی پێشتر لە عەرەبی شیعە کراوە، ئێستا ئەوان لە پێکهاتەکانی

**ئەگەر تاران کە لە ڕووی سیاسییەوە خۆی بە سپۆنسەری پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دەزانێت، گەیشتبێتە ئەو قەناعەتەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان هەولێر و تاران گرنگە و ناتوانێت دەستبەرداری بێت، ئەوا بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاتر گرنگە کە بەو ئاراستەیە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان زیاتر بکەن**



**پاپای ڤاتیکان لە میانەی سەردانی ئەم دواییەی نێچیرڤان بارزانی بۆ ڤاتیکان پێی ڕاگەیاندووە. ئاشکرایە پاپای ڤاتیکان لە ڕێگەی سەرۆک وەزیرانی کوردستانەوە، سوپاسی حکومەت و گەلی کوردستانی کردووە، کە توانیویانە ببنە لانە و پەناگەی ئارام بۆ هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییە جیاوازەکان لە عێراقدا و لە سەرووی هەمووشیانەوە تەواوی برا کریستیانەکان کە لە بەشەکانی دیکەی عێراق نەیانتوانیوە بژین و بە ناچاری ڕوویانکردۆتە کوردستان**

دیکەی عێراقی نەکەنەوە، بەپێچەوانەوە، عەرەبی شیعەی عێراق لەسەر بنەمای ئەو ئەقڵییەتە مەزهەبگەراییە حوکمڕانی دەکات کە لەسەر حیسابی پێشێلکردنی مافی پێکهاتەکانی دیکە بەتایبەتی (کورد و عەرەبی سوننە)، گەرەنتی مانەوەی خۆی لە حوکمڕانیدا مسۆگەر بکات، بۆیە لە خوێندنەوەی ئەم ئەقڵیەتە مەزهەبگەراییە و بە گەڕانەوە بۆ ئەزموونی ڕابردوو شاندە هاوبەشەکانی کوردستان و عێراق بۆ بەشداربوون لە کۆبوونەوەکانی دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش، کە ئەوکات بە بیانووی جۆراوجۆر ڕێگرییان دەکرد لەوەی کوردستان بە هاوبەشیش لەگەڵ شاندی عێراق بەشداری ئەو کۆبوونەوانە بێت، ئەوا ئەگەر ئێستاش بە خواستی خۆیان بوایە، نەك هەر ڕێگرییان لەوە دەکرد کە شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە جیا و هاوشانی حکومەتی بەغدا بەشداری کۆڕبەندی جیهانی داڤۆس بکەن، بەڵکو هێندە غروور بووبن کە ڕێگەیان نەدەدا لە چوارچێوەی شاندێکی هاوبەشی حکومەتی عێراقیشدا کورد بەشداری ئەو کۆڕ و کۆڕبەندە نێودەوڵەتییانە بکات.

لایەنێکی دیکەی گرنگیی پێشوازیکردن لە شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن بەشداربووانی کۆڕبەندی جیهانی داڤۆسەوە، ئەوەیە کە وەك ئەو ڕۆژنامەنووسانەی ڕۆماڵی ئەم ڕووداوە جیهانییەیان کردووە و باس لەوە دەکەن کە جیا لەوەی دیدار و کۆبوونەوەکانی شاندی حکومەتی کوردستان و شاندی حکومەتی بەغدا، دیدارو کۆبوونەوەی جیاواز بوون، بەڵام لە هەمانکاتدا پێشوازی پادشا و سەرۆك وەزیران و وەزیرانی وڵاتانی بەشداربوو لەگەڵ شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی زیاتر پڕۆتۆکۆڵی و گەرموگوڕتر بووە بە بەراورد لە پێشوازی و دیدارەکانی شاندی حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی د.حەیدەر عەبادی.

ئەم تێبینییە کە جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە و ناکرێت تەنیا وەك تێڕوانینێکی زیرەکانەی ڕۆژنامەنووسانە بەسەرماندا تێپەڕ بێت، ئاماژەیەکی ورد و گرنگە بۆ سەرسامیی وڵاتانی بەشداربووی ئەو کۆڕبەندە جیهانییە، بە سیاسەت و ستراتیژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەوەی چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەو بارودۆخە ئاڵۆز و ترسناکە کردووە و چۆن سەرکەوتووانە ئەو پیلانە گەورەیەی هەڵوەشاندۆتەوە، هەروەها ئاماژەیەکی ورد و گرنگیشە دیسان بۆ بێزاریی وڵاتانی بەشداربووی ئەو کۆڕبەندە جیهانییە لە سیاسەت و ستراتیژیەتی حکومەتەکەی عەبادی و شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و سەپاندنی ئەو هەموو گەمارۆ نامرۆییەی کە



لەسەر گەلی کوردستانی سەپاندووە، تەنیا لەبەر ئەوەی گەلی کوردستان، پێکەوەژیانی زۆرەملێی لەگەڵ عێراق رەتکردۆتەوە و داوای پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەی لەچوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا کردووە.

**• دیدار و کۆبوونەوەکانی کوردستان لە داڤۆس پیشاندانی پشتگیرییەکی گەورە بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق**

دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا لە میانەی ئەو وتارەی لە داڤۆس پێشکەشی کرد، تەوەری باسەکەی ئەوە بوو، بۆچی دروشمی (ئەمریکا یەکەم)ی بەرزکردۆتەوە، بۆ ئەمەش ئەوەی بە جیهان راگەیاند، لەبەر ئەوەی لای ئەو بەرژەوەندی ئەمریکا لەسەرووی هەموو شتێکی دیکەیەو بۆیە بەرژەوەندی ئەمریکا پێش هەر شتێکی دیکەش دەکەوێت و هەر لەم چوارچێوەیەشدا پێشنیاری بۆ هەموو وڵاتانی بەشداربووی ئەو کۆڕبەندە کرد، کە لەپێشاندا بایەخ بە بەرژەوەندیی وڵاتی خۆتان بدەن، ئینجا هاوکار و هەماهەنگی دروشمی کۆڕبەندەکەی داڤۆس بن کە دەڵێت: (بونیادنانی ئایندەیەکی هاوبەش لە جیهانێکی لەبەریەك هەڵوەشاودا).

وتارەکەی ئەمانوئێل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنساش ئەگەرچی لە دەربڕیندا جیاوازی لەگەڵ وتارەکەی دۆناڵد ترەمپ هەبوو، بەڵام لە ناوەڕۆکدا ئەویش بەرژەوەندییەکانی فەرەنسا و بایەخدان بە خۆشگوزەرانی گەلەکەی و دۆزینەوەی هەلی کاری زیاتر بۆ وڵاتەکەی بوو، ئەم دوو وتارە کە وتاری دوو سەرۆکی تازە هەڵبژێردراو بوون و بۆ یەکەمجاریش بوو بەشداری ئەم کۆڕبەندە جیهانییە بکەن، جیا لەوەی پیشاندانی دوو تێڕوانینی جیاواز بوو بۆ بەڕێوەبردنی دوو وڵاتی گەورە، لە هەمانکاتدا پیشاندانی دوو رێگەی جیاوازیش بوو بۆ بەشداریکردنیان لە رێکخستنەوەی ئەم جیهانە هەڵوەشاوەدا، هەروەها پەیامێك بوو بۆ سەرکردە بەشداربووەکانی دیکەش بەوەی هەوڵدان بۆ ئایندەیەکی هاوبەش لە جیهانێکی لەبەریەك هەڵوەشاودا، لە رێکخستنەوەی وڵاتەکەی خۆتەوە دەست پێدەکات و دەبێت لە رێکخستنەوەی وڵاتەکەی خۆت سەرکەوتوو بیت، ئەوجا دەتوانیت لەبەشداریکردنت لە ئایندەیەکی هاوبەش بۆ جیهان بەشدار بیت.

ئەگەر ئاماژەی نێو هەردوو وتاری (ترەمپ و ماکرۆن) بکەین بەو بازنەیە بۆ خویندنەوەی کۆی دیدار و کۆبوونەوەکانی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی، ئەوا لەکۆی هەموو ئەو قسەو باسانەی لەو هەموو دیدارە جیاوازانە کراون، پەیامی نێچیرڤان بارزانی-یش بۆ هەموو بەشداربووانی کۆنگرەی داڤۆس ئەوە بووە کە بەرژەوەندیی کوردستان لای نێچیرڤان

**سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق کە هەتا ئێستاش لە ژێر ناوی (یەک عێراق و یەک سیاسەت) ئاماژە بۆ سیاسەتی خۆی بەرامبەر عێراق دەکات، کەچی وەک بینیمان ریکس تیلرسۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی عێراقەکەی دیکە ئەنجامداو پاشان لەگەڵ حەیدەر عەبادی دیداری ئەنجامدا، دیارە ئامانجی ریکس تیلرسۆن لە کۆبوونەوەکەی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی تەوەری سەرەکی و گرنگ هەرباسی چۆنیەتی جێبەجیکردنی دەستووری عێراق بووە لە نێوان هەرێم و عێراقدا**



**لە کۆڕبەندی جیهانسی داڤۆس بۆ ساڵی ٢٠١٨ کە زیاتر لە ٣٤٠ کەسایەتی دیار لەسەر ئاستی جیهان بەشداریان تێدا کردبوو، ٧٠ کەسایەتیان سەرۆکی دەوڵەت، یان حکومەت بوون، لەناو ئەو ٧٠ سەرۆک و سەرۆک حکومەتەدا، عێراق تەنیا دەوڵەت بوو کە دوو سەرۆک وەزیران (حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی) بەشدارییان تێدا کردبوو، هەر بۆیە ئەگەر د.حەیدەر عەبادی وەک سەرۆک وەزیرانی عێراق لە کۆڕبەندەکە بەشداری کردبێت، ئەوا نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆک وەزیرانی «عێراقەکەی دیکە– The Other Iraq). کە کوردستانە بەشداری کردووە**

بارزانی لە سەرووی هەموو شتێکی دیکەیەو لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کوردستانیش ئەوا کوردستان ئەو ئیرادەو توانایەی هەیە کە بەشدار بێت لە عێراقێکی سەرکەوتووی دیموکراتی و فیدراڵی، هۆکارێکی ئەرێنییش بێت بۆ ئاشتی و سەقامگیری ناوچەیی و نێودەوڵەتی، هەروەها کاراکتەرێکی چالاکیش دەبێت بۆ بەشداربوون لە بونیادی ئایندەیەکی هاوبەشدا بۆ گشت مرۆڤایەتی.

ئەوجا ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ دروشمە سەرەکییەکەی کۆڕبەندی جیهانی داڤۆس کە دەڵێت: (بونیادنانی ئایندەیەکی هاوبەش لە جیهانێکی لەبەریەك هەڵوەشاودا ) و لەچوارچێوەی ئەم دروشمە، پێگەی جیۆپۆلیتیکی ئێستای عێراق لەناو نەخشەی هەموو تەنگژەکانی جیهاندا بخوێنینەوە، ئەوا هیچ یەکێك لەم جیهانە گومانی لەسەر ئەوە نییە کە پێگەی جیۆپۆلیتیکی عێراق لەسەر نەخشەی تەنگژەکانی تەواوی جیهان، وەك پێگەی سێ گۆشەی بەرمۆدا وایە کە زۆر جار پێی دەڵێن (سێ گۆشەی شەیتان) لە ئۆقیانووسی ئەتڵەسیدا. ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر لەناو نەخشەی تەنگژەکانی جیهاندا، کێشەی عێراق بە تەنیا بە هاوتای هەموو تەنگژەکانی دیکە حیسابی بۆ نەکرێت، ئەوا نەك هەر ناتوانرێت ئایندەیەکی هاوبەش بۆ مرۆڤایەتی بونیاد بنرێت، بگرە تەواوی ئاسایش و سەقامگیری مرۆڤایەتی و جیهانیش دەکەوێتە مەترسییەوە. بۆ پشتڕاستکردنەوەی مەزندەکردنی ئەم مەترسییەش، دروستبوونی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە عێراقدا باشترین بەڵگەیە و بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییش بۆ دامەزراندنی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، دیسان ئاماژەیە بۆ دروستکردنی مەترسیی ترسناکتر بە هۆی عێراقەوە، ئەگەر بەشێوەیەکی لۆژیکانە و بە هاوکاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کێشەکانی عێراق چارەسەر نەکرێن و سەرلەنوێ بەپێی دەستووری عێراق، دەوڵەتی عێراق بونیاد نەنرێتەوە.

ئاشکرایە نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەورووپا و دەوڵەتانی ناتۆ و تەواوی ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش، هەموو پێکەوە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە تەنیا عێراق شوێنی سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشە، نەك سووریا، هەروەها سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییەش کە (ئەبوبەکر بەغدادی ) بووە، عێراقییە نەك سووری، لەمەش بەڵگەی زیاتر ئەگەر ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە بەگشتی و لقی عێراق، وەك دەرهاویشتەی جیهاد دژی ڕۆژئاوا سەیر بکرێت و شرۆڤەی بۆ بکرێت، ئەوا ڕێکخراوی داعش دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا (بە گوتەی عەرەبی سوننە و



شیعە دوای کۆتاییهاتن بە داگیرکاری ئەمریکا) لە عێراقدا سەریهەڵدا، ئەمەش بەو مانایەی داعش بۆ جیهاد دژی رۆژئاوا، یان ئەمریکا دانەمەزراوە، بەڵکو بۆ جیهاد دژی سیاسەتی مەزهەبگەرایی شیعە لە عێراقدا دامەزراوە، جیهانیش زۆر باش لەم راستیە تێگەیشتووە، ئەگەر سەرهەڵدانی مەزهەبگەرایی شیعە لە حوکمڕانی سەریهەڵنەدابایە و حکومەتی عێراق لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا حوکمڕانی بکردایە و رێزی مافە دەستوورییەکانی بگرتایە، ئەوا رێکخراوی داعش نەدەبوو، هەربۆیە کە ئێستا هەموو جیهان شانازی بەوە دەکات کە شەڕی سەربازی دژی داعش بەرەو کۆتایی دەچێت، ئەوا ئەم سەرکەوتنە دەبێت هاوکاتیش بێت لە رێگرتن لە درێژەدان بە سیاسەتی مەزهەبگەرایی شیعە و گوشار خستنە سەر حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی دەستووری عێراق جێبەجێ بکات و لە سیاسەتی مەزهەبگەرایی دوور بکەوێتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەرنجی کۆی وتووێژەکانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی کوردستان بدەین، لە تەواوی دیدار و کۆبوونەوەکانی بەگشتی و لەگەڵ (جیفری فێڵتمان جێگری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری سیاسی و ریکس تیلرسۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و شەخسی حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق، هەروەها شا عەبدوڵلای پادشای ئەردەن) بەتایبەتی، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە تەوەری سەرەکیی قسەکانی نێچیرڤان بارزانی جەختکردنەوە بووە لەسەر تەواوی ماددەکانی ناو دەستووری عێراق، ئەم جەختکردنەوەیەی لە پێناوی ئەم ئامانجانە بووە:

١- نێچیرڤان بارزانی بە حوکمی ئەوەی سەرۆك وەزیرانی کوردستانە، ئەوا بەرژەوەندیی کوردستان لەسەرووی هەموو شتێکی دیکەوە سەیردەکات، بێگومان دەستووری عێراقیش کە خودی دەستوورەکە خۆی پابەند کردووە کە رێز لەو دەسەڵات و مافانە بگرێت، کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە چ وەك یاسا و چ وەك بڕیار لەماوەی ساڵانی ١٩٩٢ تا مانگی ئایاری ٢٠٠٥ کە دەستووری عێراق کاری پێدەکرێت. هەربۆیە جەختکردنەوە لەسەر جێبەجێکردنی دەستووری عێراق و داکۆکیکردنە لەسەر بەرژەوەندییەکانی کوردستان، ئەو بەرژەوەندییانەی کەوای لە کوردستان کردووە لە چوارچێوەی ئەو دەستوورە پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە لە چوارچێوەی عێراقدا هەڵبژێرێت. هەروەها لەلایەکی دیکە جەختکردنەوەی سەرۆك وەزیرانی کوردستان لەسەر جێبەجێکردنی دەستووری عێراق، گەیاندنی پەیامێکی دیکەیە بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەوەی ئەگەر ئەو دەستوورە پێشێل نەکرابایە و

**سەرۆک وەزیرانی عێراق کە نەیتوانیوە بە جددی و حەماسەوە پێداگیری لەسەر ئەو بەرژەوەندییانەی مەبەستێتی (بەرژەوەندی مەزهەبی و شیعەگەرایی) بکات، ئەوا زۆر بە گومان و بڕوا بەخۆنەبوونەوە باسی بەرژەوەندییەکانی عێراقی کردووە و نەیتوانیوە بە جۆرێک نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی عێراق بکات کە ببێتە هۆکار و فاکتەری خێر بۆ پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەی پێکهاتە جیاوازەکان لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا، بۆیە هەوڵەکانی بە گومانەوە سەیرکراون و جێگەی بایەخ نەبوون**



عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی بوایە، کوردستان پەنای بۆ ریفراندۆم نەدەبرد، لەمەش زیاتر، هەتا عێراق ئەو دەستووره وەك خۆی تەواوی ماددەکانی جێبەجێ نەکات، ئەوا نەك یەکپارچەیی عێراق، بەڵکو سیستمی جیهانیش لەمەترسیدا دەبێت.

٢- جەختکردنەوەی نێچیرڤان بارزانی لەسەر جێبەجێکردنی دەستووری عێراق، پەیامێکی ڕاستەوخۆیە بۆ حکومەتی حەیدەر عەبادی و ناڕاستەوخۆ بۆ تەواوی جیهان، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر حکومەتی حەیدەر عەبادی هەر وەك ئێستا ڕەفتار بکات و درێژە بە سیاسەتی مەزهەبگەرایی بدات، ئەوا هەمان ئەو ژینگەیە دووبارە دروست دەبێتەوە کە کابینەکەی نوری مالیکی بۆ سەرهەڵدانی داعش دروستی کرد، بۆیە دەبێت عەبادی ئەمجارە هۆشیار بێت و کۆمەڵگەی نیودەوڵەتیش بە هەستیاری مامەڵە لەگەڵ سیاسەتە حەربابییە بکەن کە هەر ساتەی بە ڕەنگێك خۆی پیشاندەدات، ئەو سیاسەتەی ئێستا حەیدەر عەبادی بۆ مامەڵەکردنی لەگەڵ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق و هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پیادەی دەکات، سیاسەت و ستراتیژیەتێکی فێڵاوییانەیە بۆ هەڵخەڵەتاندنی هەموو لایەك، بۆیە ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاوپۆشی لەم شێوازەی سیاسەتەی حەیدەر عەبادی بکات، ئەوا عێراق جارێکی دیکە دەبێتە پەناگەیەکی ئارام و لەبار بۆ سەرهەڵدانەوەی ڕێکخراوێکی ترسناکتر لە تیرۆریستانی داعش.

٣- لایەنێکی دیکەی قسەکانی نێچیرڤان بارزانی بە جەختکردنەوەی لەسەر جێبەجێکردنی دەستووری عێراق، کۆکردنەوەی بەرژەوەندییە هاوبەش و جیاوازەکانی (کوردستان و عێراق و کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی)یە، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر بەرژەوەندیی کوردستان بۆ ئاشتی و سەقامگیری لە جێبەجێکردنی دەستووری عێراقدا بێت، ئەوا بەهەمان شێوە بەرژەوەندیی عێراقیش بۆ ئاشتی و سەقامگیری و کۆتاییهێنان بە سیاسەتی مەزهەبگەرایی، تەنیا و تەنیا بە جێبەجێکردنی دەستووری عێراقی دێتەدی، بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش کە پێشتر عێراق بەهۆی سیاسەتی مەزهەبگەرایی و سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، ببووە سێ گۆشەی شەیتان لەناو دڵی جیهاندا، ئەوا بە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق ئەم سێ گۆشە شەیتانە دەگۆڕێت بۆ سێ گۆشەی خێر و دوورگەیەکی ئاشتی و سەقامگیری، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئەگەر پێشتر عێراق سەرچاوەی هەناردەکردنی هەموو مەترسییەکانی تیرۆریستی بوو بێت لەسەر هەموو جیهان، ئەوا

**ئەو سیاسەتەی ئێستا حەیدەر عەبادی بۆ مامەڵەکردنی لەگەڵ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق و هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پیادەی دەکات، سیاسەت و ستراتیژیەتێکی فێلاوییانەیە بۆ هەڵخەڵەتاندنی هەموو لایەک، بۆیە ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاوپۆشی لەم شێوازەی سیاسەتەی حەیدەر عەبادی بکات، ئەوا عێراق جارێکی دیکە دەبێتە پەناگەیەکی ئارام و لەبار بۆ سەرهەڵدانەوەی ڕێکخراوێکی ترسناکتر لە تیرۆریستانی داعش**




دوای جێبەجێکردنی دەستووری عێراق، عێراق دەبێتە ئەو دەوڵەتەی کە دەتوانێت هاوکار و هەماهەنگ بێت لە بونیادنانی ئایندەی هاوبەش لەم جیهانە لەبەر یەك هەڵوەشاوەیەدا.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو تێبینییە ڕۆژنامەنووسییانەی کە ئاماژە بەوە دەکەن، ئامادەبووانی کۆڕبەندی جیهانی داڤۆس بەپەرۆشتر پێشوازییان لە دیدار و کۆبوونەوەکانی نێچیرڤان بارزانی دەکرد، تا لە حەیدەر عەبادی، هۆکاری ئەم پەرۆشییە بۆ دیدارەکانی شاندی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سەرۆك وەزیرانی کوردستان زۆر بە جددی و حەماسەوە هەوڵیداوە پێ لەسەر بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی کوردستان و گەلی کوردستان دابگرێت، ئەمەش بەشێوەیەك بەرژەوەندییەکانی کوردستان و گەلی کوردستان ببنە هاوکار و فاکتەری خێر بۆ بەرژەوەندیەکانی عێراق و گەلی عەرەب لە عێراقدا، بەڵام سەرۆك وەزیرانی عێراق کە نەیتوانیوە بە جددی و حەماسەوە پێداگیری لەسەر ئەو بەرژەوەندییانەی مەبەستێتی (بەرژەوەندی مەزهەبی و شیعەگەرایی) بکات، ئەوا زۆر بە گومان و بڕوا بەخۆنەبوونەوە باسی بەرژەوەندییەکانی عێراقی کردووە و نەیتوانیوە بە جۆرێك نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی عێراق بکات کە ببێتە هۆکار و فاکتەری خێر بۆ پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەی پێکهاتە جیاوازەکان لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا، بۆیە هەوڵەکانی بە گومانەوە سەیرکراون و جێگەی بایەخ نەبوون، ئەمەش مانای ئەوەیە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەنتەری تەرکیزی خۆی بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق لە بەغداوە دەگوازێتەوە بۆ هەولێر، ئەگەر بەغدا هەر بەمجۆرە مل بداتە جێبەجێکردنی دەستوور، ئەو نمایشەی عەبادی لەسەر شانۆکەی داڤۆس پیشانی جیهانی دا، دەبێتە هۆکاری ئەوەی چاوخشاندنەوەیەك بە پەیوەندیی نێودەوڵەتی لەگەڵ بەغدا بێتەئاراوە.

### ● کۆڕبەندی داڤۆس ٢٠١٨ وەك عێراقێکی دیکە. پێشوازی لە کوردستان کرد

لە کۆڕبەندی جیهانی داڤۆس بۆ ساڵی ٢٠١٨ کە زیاتر لە ٣٤٠ کەسایەتی دیار لەسەر ئاستی جیهان بەشداریان تێدا کردبوو، ٧٠ کەسایەتیان سەرۆکی دەوڵەت، یان حکومەت بوون، لەناو ئەو ٧٠ سەرۆك و سەرۆك حکومەتەدا، عێراق تەنیا دەوڵەت بوو کە دوو سەرۆك وەزیران (حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی) بەشدارییان تێدا کردبوو، هەر بۆیە ئەگەر د.حەیدەر عەبادی وەك سەرۆك وەزیرانی عێراق لە کۆڕبەندەکە بەشداری کردبێت، ئەوا نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆك وەزیرانی «عێراقەکەی دیکە— The Other Iraq). کە کوردستانە بەشداری کردووە.

**جەختکردنەوەی نێچیرڤان بارزانی لەسەر جێبەجێکردنی دەستووری عێراق، پەیامێکی ڕاستەوخۆیە بۆ حکومەتی حەیدەر عەبادی و ناڕاستەوخۆ بۆ تەواوی جیهان، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر حکومەتی حەیدەر عەبادی هەر وەک ئێستا رەفتار بکات و درێژە بە سیاسەتی مەزهەبگەرایی بدات، ئەوا هەمان ئەو ژینگەیە دووبارە دروست دەبێتەوە کە کابینەکەی نوری مالیکی بۆ سەرهەڵدانی داعش دروستی کرد**



**لەکوێ هەموو ئەو قسەو باسانەی لەو هەموو دیدارە جیاوازانە کراون، پەیامی نێچیرڤان بارزانی-یش بۆ هەموو بەشداربووانی کۆنگرەی داڤۆس ئەوە بووە کە بەرژەوەندیی کوردستان لای نێچیرڤان بارزانی لە سەرووی هەموو شتێکی دیکەیەو لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کوردستانیش ئەوا کوردستان ئەو ئیرادەو توانایەی هەیە کە بەشدار بێت لە عێراقێکی سەرکەوتووی دیموکراتی و فیدراڵی، هۆکارێکی ئەرێنییش بێت بۆ ئاشتی و سەقامگیری ناوچەیی و نێودەوڵەتی، هەروەها کاراکتەرێکی چالاکیش دەبێت بۆ بەشداربوون لە بونیادی ئایندەیەکی هاوبەشدا بۆ گشت مرۆڤایەتی**

بەکارهێنانی چەمکی «عێراقەکەی دیکە» بۆ کوردستان، چەمێکی تازە نییە و دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای بونیادنەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی لە ساڵانی (٢٠٠٥- ٢٠٠٩). لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا شەڕی خوێناوی لە نێوان شیعەو سوننە گەیشتە ئەو ئاستەی کە دەوڵەتان و ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و رێکخراوە ناحکوومییە نێودەوڵەتییەکان، ناچاربوون لە سەرەتاوە نوێنەرایەتییەکانی خۆیان لە بەغدای پایتەخت بگوازنەوە بۆ عەمانی پایتەختی ئوردن، بەڵام پاشان کە بینیان لە کوردستان ئاسایش و سەقامگیری بوونی هەیە و کوردستان پرۆسەیەکی پەرەپێدانی سەرکەوتوو بەڕێوە دەبات، بەشێك لە ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و نووسینگەی رێکخراوە ناحکوومییە نێودەوڵەتییەکان هاتنە کوردستان، ئەوجا ئەوکات خۆیان بەو جۆرە پێناسەی خۆیان دەکرد، بەوەی نووسینگەکانیان لە عێراقە، بەڵام ئەو عێراقە ناسەقامگیر و پڕئاژاوەیە نە، بەڵکو عێراقە ئارام و سەقامگیرەکە کە مەبەستیان هەرێمی کوردستان بوو. ئەمساڵیش لە کۆڕبەندی جیهانی دافۆس، دەتوانین بڵێین کۆڕبەندەکە و دەوڵەتانی ئامادەبووش، بەهەمان شێوە مامەڵەیان لەگەڵ دوو عێراق کرد، یەکەمیان ئەو عێراقەی کە عەبادی نوێنەرایەتی دەکرد، دووەمیان عێراقەکەی دیکە کە نێچیرڤان بارزانی نوێنەرایەتی دەکرد، لە هەمانکاتدا هەردوو عێراقەکەش لە میانەی ئەم کۆڕبەندە پێکەوە کۆبوونەوە و باسیان لە چارەسەرکردنی کێشەی نێوان هەردوو عێراقە دەکرد.

لایەنێکی دیکەی گرنگ کە تایبەتە بە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق کە هەتا ئێستاش لەژێر ناوی (یەك عێراق و یەك سیاسەت) ئاماژە بۆ سیاسەتی خۆی بەرامبەر عێراق دەکات، کەچی وەك بینیمان ریکس تیلرسۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی عێراقەکەی دیکە ئەنجامداو پاشان لەگەڵ حەیدەر عەبادی دیداری ئەنجامدا، دیارە ئامانجی ریکس تیلرسۆن لە کۆبوونەوەکەی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی تەوەری سەرەکی و گرنگ هەرباسی چۆنیەتی جێبەجیکردنی دەستووری عێراق بووە لە نێوان هەرێم و عێراقدا، لەگەڵ حەیدەر عەبادییش بێگومان هەر تەوەری سەرەکی جێبەجێکردنی دەستوور بووە بۆ رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و کوردستان، بەڵام لێرەدا سەرنجە رۆژنامەنوسییەکە ئەوەیە، بۆچی لەگەڵ هەردوو سەرۆك وەزیرەکە (عەبادی و بارزانی) پێکەوە کۆنەبووەوە؟ بێگومان وەڵامە رۆژنامەنووسییەکە ئەوەیە، لەدیدی تیلرسۆندا ئەو عێراقەی عەبادی نوێنەرایەتی دەکات پێویستی بە جۆرە مامەڵەیەکە



و ئەوەی نێچیرڤان بارزانی نوێنەرایەتی دەکات، پێویستی بە جۆرە مامەڵەیەکی دیکە هەیە.

هەروەها لە کۆبوونەوەی نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ ژان ئیف لۆردیان وەزیری دەرەوەی فەرەنسا، دیسان وەزیری دەرەوەی فەرەنسا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، ئەمجارە کە سەردانی بەغدای کرد، سەردانی هەولێریش دەکات، ئەمەش مانای ئەوەیە وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بە شێوەی پرۆتۆکۆلی سەردانی عێراق دەکات، بەڵام لەناو عێراقدا عێراقێکی دیکە هەیە کە پایتەختەکەی هەولێرە نەك بەغدا، بۆیە کە دەڵێت سەردانی هەولێریش دەکەم، مانای ئەوەیە سەردانی عێراقەکەی دیکە دەکەم.

لەوانەیە پرسیارێك لێرەدا سەرهەڵبدات، ئەویش ئەوەیە، ئایا بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستی بەوە هەیە، بە دوو زمانی جیاواز قسە لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان بکات؟ لەوانەیە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستمان بە نموونەیەکی دەرەوەی کۆڕبەندی جیهانی داڤۆسی ٢٠١٨ بێت و ناچار بین پەنا بۆ ئەو قسانە بەرین کە پاپای ڤاتیکان لە میانەی سەردانی ئەم دواییەی نێچیرڤان بارزانی بۆ ڤاتیکان پێی راگەیاندووە. ئاشکرایە پاپای ڤاتیکان لە رێگەی سەرۆك وەزیرانی کوردستانەوە، سوپاسی حکومەت و گەلی کوردستانی کردووە، کە توانیویانە ببنە لانە و پەناگەی ئارام بۆ هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییە جیاوازەکان لە عێراقدا و لە سەرووی هەمووشیانەوە تەواوی برا کریستیانەکان کە لە بەشەکانی دیکەی عێراق نەیانتوانیوە بژین و بە ناچاری روویانکردۆتە کوردستان. با لەسەر ئەم پرسیارە هەڵوەستەیەك بکەین و گریمانەی ئەوە بکەین، پاپای ڤاتیکان دیدارێك لەگەڵ حەیدەر عەبادی سەرۆك وەیرانی عێراق ئەنجامدات، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بەو زمانەی سوپاسی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەکات، دەتوانێت بەهەمان شێوە سوپاسی سەرۆك وەزیرانی عێراق بکات؟ بێگومان واقیعی بەشە عەرەبییەکەی عێراق کە عەبادی نوێنەرایەتی دەکات، رێگە نادات کەسێکی وەك قەداسەتی پاپا ستایشی بکات، بەڵکو ئەگەر دیدارێکی لەو جۆرە رووبدات، قەداسەتی پاپا ناچار دەبێت، رێنمایی عەبادی وەك سەرۆك وەزیرانی عێراق بکات و داوای لێ بکات چیتر رێگە نەدات، کەنیسەی برا کریستیانەکان لەبەغداو شوێنەکانی دیکەی عێراق بتەقێندرێنەوە و رێگە نەدرێت کە کریستیانەکان لە ژێر گوشاردا ناچاربن ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ بهێڵن، بۆیە لە حاڵەتی لەمجۆرەدا، ئەگەر حەیدەر عەبادی نوێنەرایەتی هەموو عێراق بکات، ئەوا دەبێت هەموو عێراق وەك کوردستان لانەی پێکەوەژیان و لێبووردەیی

**ئەقڵییەتی حوکمڕانیی عەرەبی شیعەی عێراق کە لەماوەی نزیکەی ١٥ ساڵی رابردوو بۆ حوکمڕانیی عێراق پیشانیانداوە، ئەو ئەقڵییەتە نییە کە بڕوایان بەوە بێت، دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای دەستوور و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە بونیاد بنێنەوە، یان ئەو ئەقڵییەتە نییە کە هەوڵیان بۆ ئەوە بێت، ئەو زوڵمانەی پێشتر لە عەرەبی شیعە کراوە، ئێستا ئەوان لە پێکهاتەکانی دیکەی عێراقی نەکەنەوە**



**چیدیکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەتیش ڕۆژئاوا لە حکومەتی بەغدای قبووڵ ناکەن کە ڕێز لە دەستووری عێراق نەگرێت و مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان پێشیل بکات، بێگومان پێشتریش دەوڵەتانی ئەوروپا لەسەر پێشێلکردنی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان و ڕێگرتنی حکومەتی بەغدا لەسەردانی وەزیران و نوێنەرانی دەوڵەتانی ئەوروپی بۆ هەرێمی کوردستان بێدەنگ نەبوون و هەڵوێستی دیپلۆماتی و پڕۆتۆکۆڵیی زۆر توندیان بەرامبەر حکومەتی بەغدا پیشانداوە، تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی وەزیران و نوێنەرانی هەندێک دەوڵەتی ئەوروپی سەردانەکەیان بۆ عێراق هەڵوەشاندۆتەوە**

بێت، بەڵام واقیعی حاڵ ئەوەیە کوردستان بارودۆخێکە و عێراق بارودۆخێکی دیکە، بۆیە ئەگەر ناچاریش بن، مامەڵە لەگەڵ کوردستان وەك بەشێك لە عێراق بکەن، ئەوا دەبێت وەك عێراقێکی دیکە مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکەن.

لایەنێکی دیکە جیاوازییە لەنێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و میلیشیا مەزهەبگەرایەکەی حەشدی شەعبی. بێگومان سەرۆك وەزیرانی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی وەك (ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئەمریکا) کە سێ لایەنی سەرەکین لەشەڕی دژی داعش و بە یەك بەرنامە هاوکاری هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی عێراق دەکەن، کاتێك لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی کۆدەبنەوە کە لە ڕووی سەربازییەوە لە ئێستادا نوێنەرایەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکات، کاتێکیش کە لە گەڵ عەبادی کۆدەبنەوە کە نوێنەرایەتی حەشدی شەعبی و سوپا دەکات، جیاوازییان هەیە، بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا دەتوانن وەك یەك و بە یەك زمان مامەڵە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە و حەشدی شەعبی بکەن؟ بێگومان لێدوانە ڕۆژنامەوانییەکانی دوای دیدارەکانی نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ ئەو وڵاتانە، لەگەڵ لێدوانە ڕۆژنامەنووسییەکانی دوای کۆبوونەوەیان لەگەڵ حەیدەر عەبادی زۆر لێك جیاوازن، هەر بۆ نموونە کاتێك تیلرسۆن یان ئەمانوئیل ماکرۆن، یان ئۆرسۆلا ڤۆندەرین، لەگەڵ حەیدەر عەبادی کۆدەبنەوە، کە کۆبوونەوەکە تەواو دەبێت، دەڵێن: باسی ئەوەمان کردووە کە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هەڵبوەشێتەوە، یان وەك تیلرسۆن ڕایگەیاند، داوامان کردووە میلیشیا وەکیلەکانی ئێران عێراق بەجێ بهێڵن، بەڵام ئایا کاتێك کە لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی کۆدەبنەوە، لە لێدوانە ڕۆژنامەنووسییەکان چی دەڵێن؟ بێگومان سوپاسی پێشمەرگە دەکەن و سووربوونی خۆیان لەسەر یارمەتیدانی پێشمەرگە دووبارە دەکەنەوە، ئەمە ڕاستییەکمان بۆ ئاشکرا دەکات، ئەویش ئەوەیە کە ئەو سوپایەی عێراقەکەی دیکە کە پێشمەرگەیە، جێگەی ڕێزی هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە، بەڵام ئەو هێزەی حەشدی شەعبییە و نوێنەرایەتی عێراقەکەی عەبادی دەکات، هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەك هەڕەشە بۆسەر خۆیان سەیری دەکەین.

کەواتە لەم ڕاستەوە دەکرێت بڵێین: لەگەڵ ئەوەی لەدوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە، هەموو هەوڵی حکومەتەکەی عەبادی بۆ ئەوە بووە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەچوارچێوەی عێراقەکەی عەبادی مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەن و بەشێوازی جیاواز بە هاوتای سەرۆك وەزیرانی عێراق، پێشوازی لەسەرۆك وەزیرانی کوردستان نەکرێت، بەڵام سەردانە




سەرکەوتووەکانی نێچیرڤان بارزانی بۆ پاریس و بەرلین و ڤاتیکان و تەنانەت تاران و ئەمجارەش لە کۆڕبەندی جیهانی داڤۆس، ئەو راستییەیان دەرخست کە نەك تەنیا دەوڵەتانی ئەوروپی بە بەرژەوەندی نازانن لە چوارچێوەی عێراقەکەی عەبادی مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەن، بەڵکو سەرۆك کۆماری ئێرانیش بە پێشوازیکردنی لە نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی کوردستان، ئەو راستییەی نەشاردەوە، کە بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لەوەدایە پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان تاران و هەولێر هەبێت، نەك هەر تەنیا لە نێوان تاران و بەغدا، یان تاران بە رێگەی بەغدا تەنیا مامەڵە لەگەڵ کوردستاندا بکات. ئەوجا ئەگەر تاران کە لە رووی سیاسییەوە خۆی بە سپۆنسەری پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دەزانێت، گەیشتبێتە ئەو قەناعەتەی پەیوەندی راستەوخۆی نێوان هەولێر و تاران گرنگە و ناتوانێت دەستبەرداری بێت، ئەوا بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاتر گرنگە کە بەو ئاراستەیە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان زیاتر بکەن.

هەوڵە دیپلۆماتییەکانی سەرۆك وەزیرانی کوردستان لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر ئەوجا چ سەردانە تایبەتییەکانی بۆ پایتەختەکانی جیهان، چ ئەو هەوڵانەی لەچەند رۆژی رابردوو لەمیانەی کۆڕبەندی جیهانی داڤۆس ٢٠١٨ بینیمان، هەوڵێکی سەرکەوتوو بوون، بۆ ئەوەی جیهان و دەوڵەتانی ناوچەکەش جارێکی دیکە بگەنەوە ئەو قەناعەتەی کە دەشێت لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا، کوردستان وەك بەشێك، یان هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی ئەو دەستوورە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵام ئەگەر بوار بدەن بە خواست و تێڕوانینی عێراق، کە کوردستان بەو جۆرە بەشێك بێت لە عێراق و تایبەتمەندی عێراقەکەی دیکەی نەمێنێت، ئەوا راستە بەرژەوەندییەکانی کوردستان زیانی پێدەکەوێت، بەڵام بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی دیکەش لە عێراقدا تا ئەو ئاستە زیانی پێدەکەوێت، کە نەتوانن دواتر درێژە بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراق بدەن.

لایەنی سەرکەوتوو لە دیدار و کۆبوونەوەکانی نێچیرڤان بارزانی لە کۆی هەوڵە دیپلۆماتییەکان بەگشتی و لە کۆڕبەندی جیهانیی داڤۆس-ی ٢٠١٨ ئەوەی بۆ پشتڕاست کردینەوە کە بەرژەوەندیی عێراق و ناوچەکە و جیهانیش لەوەدایە کە هەرێمی کوردستان بەهێز بێت و پشتگیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت، بۆ ئەوەی گیانی لێبوردەیی و پێکەوەژیان لانیکەم لە بەشێکی عێراق کە هەرێمی کوردستانە بەردەوام بێت.

**جیاوازیی بەشداری ئەمساڵی کوردستان بۆ کۆڕبەندی جیهانی داڤۆس لە چاو ساڵانی پێشوو، لەوەدایە کە هەرێمی کوردستان، پێش کەمتر لە ١٠٠ رۆژ لە کردنەوەی ئەم کۆڕبەندە جیهانییە، رووبەڕووی پیلانێکی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی بووەوە و هەڕەشەیەکی زۆر ترسناک و جددی کەوتە سەر وجوودی کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵی لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا، لە هەمانکاتدا کەوتە ژێر چەندین گەمارۆی ئابوری و سیاسی و ئاسمانی لەلایەن حکومەتی فیدراڵی عێراقەوە، کە هەتا ئێستاش ئەو گەمارۆیانە بەردەوامن**



**ئەنبا جبرائیل گورگیس تۆما** لە کەنیسەی زاخۆ بۆ گوڵان:

# هەمیشە پاپا و ڤاتیکان سوپاسگوزاری هەرێمی کوردستان بوون بۆ پێشوازیکردن و پاراستنی مەسیحییەکان

# ئێمە لە پەیوەندیی بەردەوامدا دەبین لەگەڵ کەنیسەی ڕۆما و بەغدا بۆ کۆتاییهێنان بە گەمارۆکانی سەر کوردستان

**نکۆڵی لەوە ناکرێت کە لە چوارچێوەی پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە کوردستاندا مەسیحییەکان بەهرەمەندن لە ئاسایش و ئازادی و تەنانەت کوردستان بۆتە پەناگەیەك بۆ مەسیحییەکانی بەشەکانی دیکەی عێراق کە دووچاری کوشتن و کۆچپێکردن بوونەتەوە، لە ئێستاشدا پەیوەندیی ئەم پێکهاتەیە بە کۆمەڵگەی کوردستانی و بە حکومەتی هەرێمەوە پەیوەندییەکی بەهێزە. بۆ قسەکردن لەسەر سەردانی ئەم دواییەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ لای پاپای ڤاتیکان و بۆ تاوتوێکردنی ڕەوشی مەسیحییەکان لە کوردستان و ئەگەری گەڕانەوەیان بۆ ناوچە ڕزگارکراوەکان کە پێشتر لەژێر دەستی داعش بوون، بەتایبەتی لە دەشتی نەینەوا و دۆخی ئەم پێکهاتەیە لە موسڵ و کەرکووك لە دوای هاتنی حەشدی شەعبی، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنبا جبرائیل گورگیس تۆما لە کەنیسەی زاخۆ ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** چ خوێندنەوەیەکتان بۆ سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ لای پاپای ڤاتیکان هەیە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەوە دەستپێشخەرییەکی باش بوو لەلایەن کاك نێچیرڤان بارزانی کە سەردانی پاپای کرد لە بارەگاکەی خۆی لە ڤاتیکان و ئەمە دەستپێشخەرییەکی زۆر گەورە بوو بۆ بەرژەوەندیی کورد بە گشتی و بۆ مەسیحییەکان بەتایبەتی. ئێمەش دەزانین حەزرەتی پاپای ڤاتیکان بە بایەخەوە لە دۆخی عێراق بەگشتی و ڕەوشی کوردستان بەتایبەتی دەڕوانێت. هەروەها ئەوە ڕاستییە دەزانین کە ڕۆڵی کوردستان لە پێشوازیکردن و پاراستنی مەسیحییەکاندا گەورە بووە، لەبەر ئەوە هەمیشە پاپای ڤاتیکان و کەنیسەکانی ئیتاڵیا سوپاسگوزاری سەرۆك بارزانی و نێچیرڤان بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن لەم ڕووەوە. لەبەر ئەوە بە دەستپێشخەرییەکی گرنگ و بەهاداری دەزانین و ئومێدەوارین کە دەرئەنجامی باشی لێبکەوێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان. هەروەها کاتەکەشی گونجاو بوو، من نەك ئەم سەردانە، بەڵکو سەردانەکانی دیکەش بۆ وڵاتانی ئەورووپی بە گرنگ دەزانم بۆ ئەوەی پشتیوانی لە گەلی کورد بکەن بۆ کۆتاییهێنان بەو نەهامەتییەی دووچاری بوون بە دەستی حکومەتی بەغداوە و بتوانن مافە نەتەوەیی و مێژوویی و ئابوورییەکانی خۆیان بەدەست بهێنن. لەبەر ئەوە ئێمە سوپاسی کاك نێچیرڤان بارزانی دەکەین و هیواداریین ئەم سەردانانە بۆ لای سەرۆکی وڵاتان و سەرۆکی کەنیسەکان بەردەوام بێت بۆ ئەوەی ببێتە پاڵپشتێك بۆ ئەو پێکەوەژیانەی ئاشتییانەی لە کوردستاندا هەیە، کە جیاوازی لە نێوان موسڵمان و مەسیحی و ئێزیدیدا ناکرێت و پاپاش ئاگای لەم ڕاستییە هەیە و بە دڵنیاییەوە بە هەموو توانایەوە پشتیوانی لێدەکات. لەبەر ئەوە ئێمە هیواداریین ئەمساڵ ساڵی خێر و خۆشی بێت، بۆ ئەوەی سەرجەم گەلی کوردستان بە موسڵمان و مەسیحی و ئێزیدییەوە بە مافەکانی خۆیان شاد بن. هەروەها من دەزانم کە پاپا تەمەنناى خێر بۆ کوردستان دەکات و خۆشەویستیی هەیە بۆ کوردستان بۆ ئەوەی ئەم هەرێمەش ببێتە هەرێمی ئاشتی بۆ هەموو

**ئەگەر لە ئێستادا ئارامییەكیش هەبێت لە كەركووك و ناوچە داگیركراوەكان، ئەوا ئەو ئارامییە لەسەر زەمینەیەكی پتەو دانەمەزراوە و درێژە ناكێشێت و ئەگەر بێدەنگییەكیش هەبێت، ئەوا ئاڵۆزی بەدوادا دێت، من باوەڕم وایە ئارامی و ئاسایش لە كەركووكدا تەنها لە سایەی پێشمەرگەدا دەستەبەر دەبێت**

**مەسیحییەكان و كەمینەكانی دیكەش ڕووبەڕووی نەهامەتی و ئێش و ئازار بوونەوە لە سەر دەستی چەوسێنەرانی داعش و هێزەكانی دیكە و ئاشكرایە كە تەنیا ناوچەی ئارام و سەقامگیر بۆ مەسیحییەكان و پێكهاتەكانی دیكە بریتییە لە هەرێمی كوردستان**

**بوونی حەشدی شەعبی لە ناوچانەدا بۆتە هۆی ئەوەی مەسیحییەكان لە ترس و نیگەرانیدا بژین، چونكە نازانن چییان بەسەر دێت و دووچاری چ چارەنووسێك دەبن**

پێكهاتەكان لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*** ئێمە دەزانین لە ئێستادا بەغدا گەمارۆی بەسەر خەڵكی كوردستاندا سەپاندووە، ئایا پاپای ڤاتیكان و پیاوانی ئایینیی كریستیان چۆن ە لەو سزاو گەمارۆیانە دەڕوانن؟**

- بە دڵنیاییەوە هەروەك ئاماژەم پێكرد، قەداسەتی پاپا خێر و خۆشی بۆ گەلی كورد دەوێت و ئێمە هەموومان دژی ئەو گەمارۆ سەپێندراوەین كە لەلایەن بەغداوە لە دژی ئێمە سەپێندراوە، چونكە ئەم گەمارۆیانە زیانی بە گەلی كوردستان و بە ڕۆڵەكانمان لە كوردستان گەیاندووە. بێگومان ڕۆڵی كەنیسە و پاپا ڕۆڵێكی ئیجابی دەبێت بۆ هەڵگرتنی ئەم گەمارۆیە. هەروەها ئێمە لە پەیوەندیدا دەبین لەگەڵ كەنیسەی ڕۆما و بەغدا بۆ ئەوەی هەوڵی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ كۆتاییهێنان بەم گەمارۆیە. بە دڵنیاییەوە پاپاش كەمتەرخەمی ناكات و باڵیۆزی پاپا لە بەغدا ڕۆڵی گەورەی دەبێت لەم ڕووەوە.

*** دوای داگیركردنی پارێزگای كەركووك و ناوچە كوردستانییەكانی دیكە بەتایبەتی لە دەشتی نەینەوا؛ خێزانە كریستیانەكان كە پێشتر ئاوارە بوون و ئومێدیان هەبوو بگەڕێنەوە، ئەمجارە بەهۆی میلیشیا چەكدارەكانی حەشدی شەعبییەوە نەیانتوانی بگەڕێنەوە، ئێوە لەم ڕووەوە چی دەڵێن؟**

- بە دڵنیاییەوە مەسیحییەكان و كەمینەكانی دیكەش ڕووبەڕووی نەهامەتی و ئێش و ئازار بوونەوە لە سەر دەستی چەوسێنەرانی داعش و هێزەكانی دیكە و ئاشكرایە كە تەنیا ناوچەی ئارام و سەقامگیر بۆ مەسحییەكان و پێكهاتەكانی دیكە بریتییە لە هەرێمی كوردستان. من خۆم لە ئەلقۆش بووم و پەیوەندیم هەیە بە ناوچەكانی دەشتی نەینەواوە و دەزانم ئەو ناوچانە لە ژێر پارێزگاری پێشمەرگە پاڵەوانەكاندایە و لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بكەم كە ڕۆڵی كوردستان و ڕۆڵی پێشمەرگە لەو ڕووەوە لەبیر ناكرێت و ڕۆڵێكی مێژووییە، چونكە ئاشكرایە كوردستان پارێزگاری لە هەموو ئاوارەو كەمینەكان كردووە، بەتایبەتی مەسیحییەكان و نكۆڵی لێناكرێت كە تاكە شوێنێك مەسیحییەكان هەستیان بە ئازادی و ئارامی كردبێت هەرێمی كوردستان بووە. ئێستاش بوونی حەشدی شەعبی لە ناوچانەدا بۆتە هۆی ئەوەی مەسیحییەكان لە ترس و نیگەرانیدا بژین، چونكە نازانن چییان بەسەر دێت و دووچاری چ چارەنووسێك دەبن.

*** ئەی دۆخی مەسیحییەكانی كەركووك چۆنە، بەتایبەتی دوای ڕووداوەكانی ١٦ی ئۆكتۆبەر؟**

- لە ڕاستیدا من زانیاری وردم لا نییە، بەڵام ئەوەندەی دەتوانم بیڵێم، ئەوەیە كە لە پێش هاتنی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بۆ كەركووك دۆخەكە ئارامتر بوو، چونكە ئێستا بارگرژی هەیە و میلیشیا هەن لەو ناوچانەدا كە خەریكی چاندنی فیتنە و تایفەگەرین. كەواتە ئەوەی لێی دڵنیام ئەوەیە پێشتر و لە سایە دەسەڵاتی پێشمەرگەدا دۆخەكە باشتر بوو. خۆ ئەگەر لە ئێستادا ئارامییەكیش هەبێت لە كەركووك و ناوچە داگیركراوەكان، ئەوا ئەو ئارامییە لەسەر زەمینەیەكی پتەو دانەمەزراوە و درێژە ناكێشێت و ئەگەر بێدەنگییەكیش هەبێت، ئەوا ئاڵۆزی بەدوادا دێت، من باوەڕم وایە ئارامی و ئاسایش لە كەركووكدا تەنها لە سایەی پێشمەرگەدا دەستەبەر دەبێت. لەبەر ئەوە دەتوانم بڵێم كەركووك لەمەترسیدایەو من هیوادارم ئەم نەهامەتییە كۆتایی پێ بێت.

*** بە گشتی چۆن لە دۆخی ئێستای عێراق دەڕوانن، كە بەپێی دەستوور دەبوایە حكومەتی عێراق هەڵبستێت بە پارێزگاریكردن لە پێكهاتەی مەسیحییەكان؟**

- لە ڕاستیدا من دۆخی عێراق بە یاسای جەنگڵستان دەشوبهێنم، كە تێیدا بەهێز پەلاماری لاواز دەدات، هەروەها دزینی دارایی دەوڵەت لەلایەن لایەنە سیاسیبە عێراقییەكان و بوونی گەندەڵییەكی گەورە و نەبوونی مەركەزییەتێك بۆ ئیدارەدان و كارڕاییكردن لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق و لە پارێزگای موسڵ بۆتە هۆی ئەوەی خەڵكانێكی زۆر دووچاری چەوساندنەوە و پێشێلكاری ببنەوە، بەتایبەتی مەسیحییەكان. چونكە دەبینین ئەوان تەنیا لە كۆنفرانسەكاندا قسەی بریقەدار دەكەن، بەڵام من پرسیار دەكەم كوان مەسیحییەكانی بەسرە و بەغدا و موسڵ؟ كە ئێمە دەزانین زۆریان ناچار بوون كۆچ بكەن و بەشێكیان كوژران و تەنانەت كەنیسەشیان تەقاندەوە. لەبەر ئەوە ئێمە متمانە بە قسەكانیان ناكەین، بەڵكو دەبێت لەسەر ئەرزی واقیع ڕەنگدانەوەی هەبێت. ئەمە لە كاتێكدا لە كوردستاندا مەسیحییەكان بەهرەمەندن لە ئارامی



و ئازادی و لە ڕێزگرتن کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆیان دەستەبەر کراوە، ئەمەش نە موجامەلەیە و نە موبالەغە، ئەمە واقیعە، چونکە من خۆم لە ساڵی ٢٠٠٥دا لە بەغدا ژیاوم کە مەسیحییەکانی تێدا دەچەوسێنرایەوە و من خۆم لەبەر ڕەوشی سەختی ئەوێ بەغدام جێهێشت. کەواتە هەلومەرجەکە لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا زۆر ناخۆشە و ڕۆژ بە ڕۆژ مەسیحییەکان جێی دەهێڵن و کۆچ دەکەن. بەڵام هەروەك وتم تاکە شوێنێك کە هەست بە ئارامی بکەن تێیدا کوردستانە، لەگەڵ ئەوەشدا دەیانەوێت ڤایرۆسی تایفەگەری و تیرۆر بگوازنەوە بۆ کوردستان، بەڵام ئەمەیان بۆ ناچێتەسەر، چونکە گەلی کوردستان ئاشتیخوازە و ژیاندۆستە و گەلی کوردستان دەستەبەرداری ئەو ئاشتییە نابێت کە چاندوویەتی و بە خوێنی شەهیدەکانی ئاوی داوە. هەروەها ئێمە ئیدانەی حکومەتی عێراقی و حەشدی شەعبی دەکەین لەسەر ئەو نەهامەتییانەی بەسەر مەسیحییەکاندا دێن لە باشووری و ناوەڕاستی عێراقدا.

*** ئاشکرایە کە پێکهاتەی مەسیحی پێکهاتەیەکی گرنگ و بنەڕەتین لە عێراق و کوردستاندا، بەڵام ئەگەر ئەوە دۆخی مەسیحییەکان بێت لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی، ئایا چارەنووسی مەسیحییەکان چی دەبێت و ئایا بە تێڕوانینی ئێوە ڕێگاچارە چییە؟**

- لە ڕاستیدا چارەسەرەکە بە دەستی سیاسەتمەدارەکانە، بە دەستی ئەو کەسانەیە کە بڕیاریان بەدەستە، کە دەبێت ئەم کەسانە هەڵبستن بە زەمینەسازکردن بۆ دروستکردنی کەشێکی ئارام و سەقامگیر لە دەشتی نەینەواو لە بەغدا و شوێنەکانی دیکە بۆ ئەوەی مەسیحییەکان بتوانن بگەڕێنەوە، هەروەها دەبێت زەمانەتی ئەوە بکرێت کە ڕێزیان لێدەگیرێت و پارێزگارییان لێدەکرێت. بەڵام ئەگەر لە دۆخی ئێستا بڕوانین، ئەوا هێشتا تایفەگەری و هێشتا تیرۆر و چەوساندنەوە لەئارادان، لەبەر ئەوە لە سایەی ئەم حاڵەتەدا مەسیحییەکان ناگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنانەی بە زەبری هێز لێیان زەوت کراوە. کەواتە دووپاتی دەکەمەوە چارەسەرەکە لە دەستی ئێمەدا نییە، بەڵکو لە دەستی بڕیاربەدەستانی بەغدایە، کە ئەگەر ئەوان بتوانن ئاشتی و ئارامی دەستەبەر بکەن، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئێمەش بیر لەوە دەکەینەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان بگەڕێینەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆمان، بەڵام نەك لە سایەی ئەو هەلومەرجەی لە ئێستادا باڵادەستە.

**سوپاسی کاک نێچیرڤان بارزانی دەکەین و هیوادارین ئەم سەردانانە بۆ لای سەرۆکی وڵاتان و سەرۆکی کەنیسەکان بەردەوام بێت بۆ ئەوەی ببێتە پاڵپشتێک بۆ ئەو پێکەوەژیانی ئاشتییانەی لە کوردستاندا هەیە**





# ئیرادەی چاکسازی قەیران دەگۆڕێت بۆ دەرفەت

## پرۆژەی چاکسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەوڵەکانی پەرلەمان بۆ داڕشتنی یاسایەک

قەیرانەکان چەند تەحەددی و هەڕەشە لەسەر کارەکانی حوکمڕانی دروست دەکەن، بە هەمان شێوە خولقێنەری ئەو فرسەتەشن کە حکومەت بتوانێت چاکسازی بکات و لەگەڵ باری ناهەمواری قەیرانەکاندا خۆی بگونجێنێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان ماوەی چوار ساڵە بەهۆی بڕینی بودجە و مووچەوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، رووبەڕووی قەیرانێکی ئابووری بۆتەوە. بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم قەیرانە و تێپەڕاندنی، لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا هەوڵێکی زۆر خراوەتە گەڕ بۆ ئەوەی رێگەچارەیەك بۆ تێپەڕاندنی ئەم قەیرانە بدۆزرێتەوە، لەمەش زیاتر هەوڵدراوە لەمیانەی کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیادکردنی داهاتەکان، سیاسەتێکی ئابووریی سەربەخۆ و سەرکەوتوو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دابڕێژرێتەوە.

ئەم ئەرکە قورسە بۆ تێپەڕاندنی ئەم قەیرانە گەورەیەی ئابووری، بەسەر دوو قۆناخی گرنگدا دابەش دەبێت، قۆناخی یەکەم لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ هەتا ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧، قۆناخی دووەمیشی لە ٢٥ی ئەیلوول هەتا ئێستا دەست پێدەکات. لە قۆناخی یەکەمدا بەشێکی ئەم ئەرکە قورسە لە چوارچێوەی دارشتنی پلانێکی ستراتیژی و بە هەماهەنگی لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی، کەوتە سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمە هەوڵێك بوو بۆ دووبارە دارشتنەوەی هەیکەلەی دامەزراوەیی حوکمڕانی و دووبارە رێکخستنەوەی مووچەی فەرمانبەران و بچووککردنەوەی کەرتی گشتی و فراوانکردنی کەرتی تایبەت بوو، بەڵام بەشێکی دیکەی کە بریتی بوو لە رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و ئامادەکردنی پرۆژەی چاکسازی، چەندین لایەنی دیکە دەگرێتەوە، وەك (فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان و لیژنە و دەستە پەیوەندارەکانی وەك دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەستپاکی و داواکاری گشتی) هەروەها خەڵکانی ئەکادیمی و پسپۆڕ، کە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچووندا چەندین پرۆژەیان وەك پێشنیار بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و قەڵاچۆکردنی گەندەڵی پێشکەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردبوو، سەرەنجام وێڕای ئەوەی بە هەموو ئەم هەوڵانەش نەتوانرا بە تەواوەتی دەرهاویشتە نەرێنییەکانی ئەو قەیرانە ئابوورییە گەورەیە لەسەر خەڵك و فەرمانبەرانی کوردستان بسڕێتەوە، بەڵام هەنگاوەکان جێگەی ئومێد بوون و، لەسەر بنەمای دووبارە رێکخستنەوەی ئابووریی کوردستان دەتوانرا مووچەی (هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش و ناوخۆ) بەبێ «پاشەکەوت» دابین بکرێت. هەروەها توانرابوو بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە خەرجی بەرەکانی شەڕ و پێداویستییە سەرەکییەکان بۆ زیاتر لە ١,٨ ملیۆن ئاوارەی کوردستان دابین بکرێت، سەبارەت بە مووچەی فەرمانبەرانی مەدەنی، بێجگە لەوەی توانرابوو بەشێکی مووچەکەیان بۆ دابین بکرێت و بەشێکی وەك قەرز لای حکومەت بمێنێتەوە، لە هەمانکاتدا هەنگاوەکان بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچوون کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دارشتنی سیستمێکی تازە بۆ مووچەی فەرمانبەران، سەرلەنوێ تەواوی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان رێکبخاتەوە و کۆتایی بە سیستمی پاشەکەوتکردنی مووچە بهێنێت. لە هەمانکاتیشدا ئەو پرۆژە پێشنیارکراوانەی کە لەلایەن فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و دەستەکان و خەڵکانی پسپۆڕەوە بۆ چاکسازی و قەلاچۆکردنی گەندەڵی پێشکەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرابوو، راستە زۆر بە جددی کاری لەسەر دەکرا، بەڵام قۆناخبەندییەك کرابوو بۆ هەنگاوەکانی چاکسازی بۆ ئەوەی هەنگاو بەهەنگاو ئەو پرۆژە گەورە و هەمەلایەنە جێبەجێ بکرێت و هیچ دەرهاویشتەیەکی نەرێنی لەسەر گوزەرانی خەڵك و ئاشتیی کۆمەڵایەتی بە جێ نەهێڵێت. لێرەدا دەکرێت وەك نموونە ئاماژە بە پیادەکردنی سیستمی بایۆمەتری بۆ تۆمارکردنی ناوی فەرمانبەران بکەین، ئەم سیستمە کە هەنگاوێکی زۆر گەورە بوو بۆ رێکخستنەوەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، لە هەمانکاتدا سیستمێکی ئەلیکترۆنی پێشکەوتووشە، بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوەکانی خۆی لە چوارچێوەی حکومەتی ئەلیکترۆنی (e-government) رێکبخاتەوە و هەڵسووڕاندیان

**دەرماڵەکان شایستەی ئەو کەسانەن کە لە بواری تایبەتمەندیی خۆیان و بۆ کارکردن لە پیشەکەی خۆیاندا دەرماڵەی مەترسی وەردەگرن، بەڵام کەسێک بۆ نموونە دەرچووی بەشی کیماش بێت، ئەگەر لەبواری کارەکەی خۆی کارنەکات، بۆ دەرماڵەی مەترسی کیمایی پێ بدرێت؟**

**ئەگەر تەنیا یاساکە دەربچێت و پاشان جێبەجێ نەکرێت، هیچ سوودیکی نابێت، هەر بۆ بیرهێنانەوە، پێشتریش بڕیاری زۆر گرنگ دەرکراون، وەک بڕیاری بڕینی کارەبای تەجاوز لە ساڵی ٢٠١٦، هەروەها بڕیاری گێڕانەوەی ٧٢٥ ملیۆن دۆلار قەرزی حکومەت لای دەوڵەمەندەکان لە ماوەی ٣٠ رۆژدا، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەو بڕیارانە جێبەجێ نەکراون، بۆیە دەبێت بە هەموو توانای خۆمانەوە پشتگیریی ئەم یاسایەی چاکسازی بکەین بۆ ئەوەی بتوانرێت جێبەجێ بکرێت.**

چالاك بكات.

قۆناخی دووەمی ئەم قەیرانە ئابوورییە، لە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧ دەست پێدەکات، هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی ئەم قەیرانە گەورەیەش، بەداخەوە هەڵسوکەوت و رەفتاری پەرلەمانی عێراق بوو بەرامبەر هەرێمی کوردستان، کە بە تێکرای دەنگی پەرلەمانتارانی عەرەبی شیعە و سوننە، کۆمەڵێك بریاری زۆر خراپیان بۆ گەمارۆ خستنە سەر کوردستان دەرکرد و دەسەڵاتیان دا بە سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ ئەوەی بە هەموو شێوەیەك بە پەنابردن بۆ هێزی سەربازیشەوە، ژێرخانی ئابووریی کوردستان لەبەریەك هەڵبوەشێنێتەوە. راشکاوانەتر ئەو هەموو هەوڵانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٤- تا نیوەی دووەمی ٢٠١٧ بۆ رێکخستنەوەی ئابووریی کوردستان دابووی، هەمووی گێرایەوە چوارگۆشەی یەکەم، بەمەش حکومەتی هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە کەوتەوە ناو قەیرانێکی ئابووریی زۆر گەورەتر و ترسناکتر لەو قەیرانەی لە ساڵی ٢٠١٤ بە هۆی برینی بودجە و مووچەوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە رووبەرووی حکومەتی هەرێمی کوردستان ببووەوە.

جیاوازیی نێوان قەیرانی یەکەم (٢٠١٤ تا نیوەی دووەمی ٢٠١٧) لەگەڵ قەیرانی دووەم لە ٢٥ی ئەیلولەوە تا ئێستا، ئەوەیە لە قۆناخی یەکەمدا کە حکومەتی نوری مالیکی بە برینی بودجە و مووچەی کوردستان دەستی پێکرد، ئامانجی ئەوە بوو کە رێگری لە ستراتیژیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات بۆ دارشتنی سیاسەتێکی ئابووریی پشت بەخۆ بەستوو، بەڵام لە قەیرانی دووەمدا، حکومەتی عەبادی لە میانەی پەنابردنی بۆ سەپاندنی کۆمەڵێك گەمارۆی زۆر نامرۆڤایەتییانە و هەروەها بەکارهێنانی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و هێزەکانی حکومەتی عێراق بۆ داگیرکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، ئامانجی ئەوە بوو کە کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان وەك کیانێکی سیاسیی دانپێدانراو لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا بسرێتەوە، لەمەش زیاتر بە رێگەی یاریکردن بە هەستی مووچەخۆرانی کوردستان و پەرتکردنی نێوماڵی سیاسیی کوردستان، هەتا ئێستاش هەوڵەکانی بەردەوامن بۆ ئەوەی کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان لەبەریەك هەڵبوەشێنێتەوە و بیسرێتەوە. دیارە لەسەرەتاوە بە دوو شێواز هەوڵیداوە ئەم ئامانجەی جێبەجێ بکات، یەکەمیان بە پەنابردنی بۆ هێزی سەربازی و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بۆ ئەوەی هەولێر و دهۆك داگیر بکات و کۆتایی بە کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان بهێنێت، کە ئەم ئامانجەیان بە بەرگری جوامێرانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان تێکشکێنرا، هەوڵی دووهەمیشیان ئەوەبوو کە دەیویست بەشێوەی یاسا و بریار، ناوی هەرێمی کوردستان بسرێتەوە، بەڵام ئەمەشیان لە میانەی هەوڵە چڕوپڕە دیپلۆماتییەکانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی شکستی هێنا.

کەواتە ئەو قەیرانە گەورەیەی ئابووری کە لەدوای ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧وە رووبەرووی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆتەوە، نەك هەر لەتوانای حکومەتێکی لۆکاڵ لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیکتاتۆری (بەناو فیدراڵی) گەورەترە، بەڵکو لە توانای حکومەتێکی دەوڵەمەندی وەك دەوڵەتی (قەتەر)یش گەورەترە، کە تەنیا سێ دەوڵەتی دراوسێی گەمارۆیان خستە بووە سەر. هەر بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم قۆناخەدا، جیاواز لە قۆناخی یەکەم کە هەموو هەوڵی خۆی خستبووە گەڕ بۆ ئەوەی هەرچۆنێك بێت، لانیکەمی بژێویی فەرمانبەران و خەڵکی کوردستان دابین بکات، ئەوا لە قۆناخی دووەمدا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو هەوڵی خۆی بۆ ئامانجێکی گەورەتر خستۆتەگەڕ، ئەویش ئەوەیە کە هەرچۆنێك بۆی دەکرێت و بۆی دەگونجێت، کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە دەستدرێژییەکانی حکومەتی بەغدا و بریارە نامرۆییەکانی پەرلەمانی عێراق رزگار بکات. ئەم ئەرکەش تەنیا ئەرکێکی یەك ئاراستە و یەکلایەنە نییە، بەڵکو ئەرکێکی هەمەلایەنەو لەسەر هەموو ئاستەکانی (ئابووری، سیاسی،

**لە قەیرانی دووەمدا، حکومەتی مالیکی لە میانەی پەنابردنی بۆ سەپاندنی کۆمەڵێک گەمارۆی زۆر نامرۆڤایەتییانە و هەروەها بەکارهێنانی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، هێزەکانی حکومەتی عێراق بۆ داگیرکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، ئامانجی ئەوە بوو کە کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان وەک کیانێکی سیاسیی دانپێدانراو لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا بسرێتەوە**

**هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی ئەم قەیرانە گەورەیەش، بەداخەوە هەڵسوکەوت و رەفتاری پەرلەمانی عێراق بوو بەرامبەر هەرێمی کوردستان، کە بە تێکرای دەنگی پەرلەمانتارانی عەرەبی شیعە و سوننە، کۆمەڵێک بریاری زۆر خراپیان بۆ گەمارۆ خستنە سەر کوردستان دەرکرد و دەسەڵاتیان دا بە سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ ئەوەی بە هەموو شێوەیەک بە پەنابردن بۆ هێزی سەربازیشەوە، ژێرخانی ئابووریی کوردستان لەبەریەک هەڵبوەشێنێتەوە**

**هەموو نارەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستان لەبەر هۆکاری نادادپەروەری بووە، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی متمانە لەنێوان دامەزراوەکانی حکومەت و خەڵکدا نەمێنێت، بۆیە تەنیا بە ئەنجامدانی چاکسازی و بەتایبەتیش لە ڕێگەی پەرلەمانەوە کە بەرزترین دامەزراوەی کوردستانەو یاسا بۆ ئەم چاکسازییە دەردەکات، هەروەها دەشتوانێت چاودێریی جێبەجێکردنی یاساکەش بکات، دەتوانرێت دەست بە چاکسازییەکە بکرێت**

**چاکسازی چەترێکی گەورەترە لە دژایەتی گەندەڵی کە یەکێکە لە خاڵەکانی ناو پرۆژەی چاکسازی، دیارە بۆ ئەو وڵاتانەی وەک وڵاتی ئێمە کە گەندەڵی بۆتە پەتایەکی سەرەکی و هەموو جومگەکانی دامەزراوەکانی ئێمەی گرتۆتەوە، ئەوا چاکسازی دەبێت زۆر بە جددی بە فراوانی دەستی پێبکرێت**

دیپلۆماتی، ئاسایش و بەرگری) دەبێت بە هاوسەنگی هەنگاوی بۆ هەڵبگیرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەو کارتانەی حکومەت و پەرلەمانی عێراق لەبەردەستیانە و لە دژی کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان هەموویان خستۆتەگەڕ، ڕێگە نەدرێت ئامانجەکانی خۆیان بێننەدی.

لەم چوارچێوەیەدا، ئەو پرۆژەی چاکسازییەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم دواییە ناردوویەتی بۆ پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی لەناو پەرلەمانی کوردستان لەلایەن فراکسیۆنەکان و دەستە و لیژنە پەیوەندارەکان هەڵسەنگاندنی لەسەر بکرێت و پاشان یاسایەکی بۆ دەربچێت، بۆ ئەوەی بە پشت بەستن بەو یاسایە ئەو چاکسازییانە ئەنجامبدرێن کە ئەو پرۆژەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیانگرێتەوە، ئەوا دەبێت ئەم پرۆژەیە وەك بەشێك لە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ رزگارکردنی کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان لەو پیلانە گەورەیە بەردەوام بێت، لەمەش زیاتر ئەم پرۆژەیە چەکێکە بۆ ئەوەی کارتی ناردن و نەناردنی مووچە لەلایەن حکومەتی عەبادییەوە بسووتێنێت کە ماوەی زیاتر لە چوارمانگە یاری بە هەست و سۆزی تەواوی مووچەخۆرانی کوردستان دەکات، بە دیوێکی دیکەدا هەوڵێکە بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت لە چوارچێوەی ئەو ئیمکانیەتە کەمەی لەبەر دەستیەتی بەشێك لە مووچەی فەرمانبەران و هەڵسووڕاندنی کارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابین بکات و وەك حکومەتێك و کیانێکی سیاسی دانپێدانراو لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا بمێنێتەوە، هەروەها هەوڵێکە بۆ ئەوەی ئیرادەیەك دروست بکات کە خۆی لەبەردەمی ئەم پیلانە بگرێت کە حکومەت و پەرلەمانی عێراق دژی کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەستیان پێکردووە، هەتا ئەو کاتەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتەواوەتی تێدەگەن، شەڕی حکومەت و پەرلەمانی عێراق لە دژی کوردستان، شەڕی جێبەجێکردن و ڕێزگرتن لە دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی فیدڕاڵیی عێراق نییە، بەڵکو شەڕی ئەوان بۆ ژێرپێخستنی دەستوور و دووبارە داگیرکردنەوەی هەرێمی کوردستانە لەژێر پەردەی دەستووری عێراقیدا. هەربۆیە ئەم پرۆژەی چاکسازییەی حکومەتی هەرێم ناردوویەتی بۆ پەرلەمان، پرۆژەیەکە ئێستاش نەبوایە دەبوو هەر هەنگاوی بۆ هەڵبگیرێت، بەڵام ئەو فاکتەرانەی وادەکەن کە لە ئێستادا پەلەی تێدا بکرێت و هەموو لایەك وەك ئەرکێکی نیشتمانی سەیری بکات، ئەوەیە ئەم قەیرانە ئابوورییەی ئێستا بەجۆرێك کاریگەری لەسەر حکومەتی هەرێم دروستکردووە، ئەوا وەك پسپۆڕان دەڵێن، ئەگەر ئەم هەنگاوە هەڵنەگیرێت، هیچ دوور نییە کە هەرێمی کوردستان رووبەڕووی هەڵوەشانەوەی سیاسی و دامەزراوەیی ببێتەوە.

بۆ هەڵسەنگاندن و دەوڵەمەندکردنی ئەم پرۆژە چاکسازییەی حکومەت، پەرلەمانی کوردستان پەنێڵێکی بۆ نوێنەرانی (دیوانی چاودێری دارایی، دەستەی دەستپاکی، داواکاریی گشتی، لیژنەی دەستپاکیی پەرلەمان) ئامادەکردبوو، گۆڤاری گوڵان لەم پەنێڵەدا ئامادەبوو، بۆیە بە پێویستی دەزانێت، پوختەیەك لە بۆچوون و هەڵسەنگاندنەکانی ئەو لایەنە پەیوەندارانە لەگەڵ ئەم راپۆرتە بڵاو بکاتەوە:

- **خالید چاوەشلی سەرۆکی دیوانی چاودێری و دارایی هەرێمی کوردستان: ئەگەر پشتگیریی پرۆژە چاکسازییەکەی حکومەتی هەرێم نەکەین، لەوانەیە رووبەڕووی هەڵوەشانەوەی دامەزراوەیی ببینەوە**

دیوانی چاودێریی هەرێمی کوردستان، دامەزراوەیەکی گرنگی هەرێمی کوردستانە بۆ چاودێری و بەدواچوون و ڕێکخستنەوەی کارەکانی حکومەت لەبواری کارگێڕی و داراییدا، ئەو پرۆژە چاکسازییەشی کە حکومەتی هەرێم ناردوویەتی بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی بۆ جێبەجیکردنی یاسای بۆ دەربکرێت، بەشێکی سوودوەرگرتنە لەو راپۆرت و پێشنیارانەی دیوانی چاودێری پێشکەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات، سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی پرۆژە چاکسازییەکی

حکومـەت، خالیـد چاوەشـلی سـەرۆکی دیوانـی چاودێریـی دارایـی، بەمجـۆرە لـە پەنێڵەکـەی پەرلەمانـدا رای خـۆی لەسـەر ئـەم پرۆژەیـە دەربـڕی:

«دیوانـی چاودێریـی دارایـی، لەگـەڵ ئـەوەی هەتـا ئێسـتا قەبـارەی راسـتەقینەی خـۆی لـەم کارو چالاکییانـە وەرنەگرتـووە، بـەڵام لەمیانـەی هەوڵەکانمـان بـۆ ئامادەکردنـی راپۆرتـی سـاڵانە و هەوڵەکانـی دیکەمـان، بـەردەوام راوبۆچوونـی خۆمـان پێشکەشـی وەزارەتـی دارایـی و سـەرۆکایەتی ئەنجومەنـی وەزیرانـی حکومەتـی هەرێـم کـردووە، هەربۆیـە بۆچوونـی دیوانـی چاودێـری لەسـەر ئـەم قەیرانـە بەگشـتی بـەو جۆرەیە کە هۆکاری راستەقینەی ئەم قەیرانە و گەورەبوونـی، دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی لەسـەرەتاوە بەشێوەیەکی یاسایی مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکە نەکراوە، کـە لێرەدا بەچەنـد خاڵێك دەیخەمـەڕوو:

١- ئەو کاتانەی کە پشکی ١٧٪ لە بودجەی عێـراق دەهاتـە کوردسـتان، بێگومـان سـیولەیەکی زۆر دەهاتـە نـاو هەرێمـی کوردسـتان، ئـەم سـیولە زۆرە لـە چوارچێوەی پلانێکـی ئابووریـی تۆکمـە مامەڵـەی لەگـەڵ نەکـراوەو نەتوانـراوە بخرێتـە خزمەتـی رێکخسـتنەوەی هەیکەلـەی ئابووریـی هەرێمـی کوردسـتان، ئەمـەش وایکـردووە قەبـارەی هەیکەلـی کارگێڕیـی حکومـەت لـە ئاسـتی خـۆی زۆر گەورەتـر بێـت.

٢- لـە سـاڵانی رابـردوودا شـێوازێك لـە دامەزراندنـی فەرمانبـەران و پێدانـی پلـەی کارگێـڕی لـە حکومـەت پیادەکـراوە کـە لـە زۆر حاڵەتـدا رەچـاوی پرانسـیپەکانی حکومـەت و حوکمڕانـی نەکـراوە، هـەر بـۆ نموونـە: زۆر پۆستی کارگێڕی هەیە لەبەر هۆکاری سیاسی دراون بە کەسێك، لەکاتیکدا لەوانەیە ئەو پۆستە کارگێڕییـە پێویسـت نەبووبێـت، هەروەهـا زۆر فەرمانبـەر هـەن بـە مافـی خۆیـان و سـاڵانی خزمـەت پلـەی کارگێڕییـان پێنـەدراوە، بەمـەش پارەیەکـی زۆر بـە هـەدەر چـووە.

٣- لایەنێکـی دیکـەی خراپیـی کارگێـڕی لـە کوردسـتاندا، دەرهاویشـتەی شـەڕی شـوومی ناوخۆیـە، ئاشـکرایە کاتێـك کوردسـتان بـووە دووئیـدارە، بارودۆخێکـی تایبەتـی هەبـوو، پـاش ئـەوەی زەمینـەی ئـەوە دروسـت بـوو هـەردوو



**خالید چاوەشلی**

سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان:

## ئەگەر پشتگیریی پرۆژە چاکسازییەکەی حکومەتی هەرێم نەکەین، لەوانەیە رووبەڕووی هەڵوەشانەوەی دامەزراوەیی ببینەوە

ئیدارە تێکەڵ بکرێتەوە، ئەم تێکەڵ کردنەوەیە تەنیا بە ڕێککەوتنی سیاسی ئەنجامدراوەو ڕەچاوی هەیکەلەی کارگێڕیی حکومەت نەکراوە، هەر بۆ نموونە: کاتێك دوو وەزارەت تێکەڵ کراونەتەوە، ڕەچاوی ئەوە نەکراوە، کاتێك ئەم دوو وەزارەتە تێکەڵ دەکرێتەوە، چوارچێوەی هەیکەلی ئیداری زۆر لەوە زیاتر دەبێت کە ئەو وەزارەتە پێویستی پێیەتی.

٤- سەبارەت پرسی مامەڵەکردن لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بێگومان هەموولایەك دەزانن، کە هەیکەلەی هێزەکانی پێشمەرگە، هەیکەلەیەکی شۆڕشگێڕانەیە، بۆیە کاتێك ئەم هێزانە دەگوازرێنەوە بۆ چوارچێوەی کاری دامەزراوەیی، ئەوا پێویستە بەپێی یاسا و ڕێوشوێنە دامەزراوەییەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام بەداخەوە لەگەڵ یەکەکانی ٧٠ و ٨٠ هەر لەسەر بنەمای هێزێکی شۆڕشگیری و لە چوارچێوەی کاری حزبیدا مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، هەر بۆیە ئێمە وەك دیوانی چاودێری داوامان لێکرا سەردانی یەکەکانی ٧٠ و ٨٠ بکەین، بەڵام نەچووین لەبەر ئەوەی نەماندەزانی بە چ یاسا و ڕێنماییەك مامەڵەیان لەگەڵ بکەین.

٥- خەڵکانێکی زۆر لەبەر هۆکاری سیاسی پلەی تایبەتیان پێدراوە و ماوەی ١٥-٢٠ ساڵە بەشێوەیەکی نایاسایی پارە وەردەگرن، هەروەها هەندێك لە فەرمانبەران ماوەی ١٥-٢٠ ساڵ خزمەتیان بۆ زیادکراوە، ئەویش هەر لەبەر هۆکاری سیاسی بووە، هەموو ئەمانەش بە جۆرێك کراون کە لەگەڵ یاسا کارگێڕییەکاندا یەك ناگرنەوە.

ئەمانە بەشێکن لەو خاڵانەی کە پێوست بوو ئاماژەیان پێبکەین، بەڵام لە ئێستادا ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە چۆن هەنگاوی یەکەم هەڵبگرین، بۆ ئەمەش بۆچوونی من بەو جۆرەیە هەندێك پرس هەیە، پێویستی بە دەرکردنی یاسا نییە، هەر بۆ نموونە: بڕیاری ژمارە ١٠٢٤ی ئەنجومەنی وەزیران کە لە٢٨ی ٢ی ٢٠١٦ دەرچووە، داوادەکات کە ئەو فەرمانبەرانەی لە دەرەوەی مافی خۆیان پلەی کارگێڕییان پێدراوە و ڕەچاوی ساڵانی خزمەت و بڕوانامەیان نەکراوە، هەمووی بگەڕێتەوە بۆ ئاستی ڕاستەقینەی خۆی، بەڵام ئەم بڕیارە هەتا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، وەك دیوانی چاودێریی دارایی نووسراومان بۆ وەزارەتی دارایی کردووە بۆ ئەوەی ئەو بڕیارە جێبەجێ بکەن، بەڵام ئەوان چاوەڕێی ئەوە دەکەن سیستمی بایۆمەتری جێبەجێ بکرێت، کە بە ڕای ئێمە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە پەیوەندی بە جێبەجێکردنی سیستمی بایۆمەتری نییە. کێشە سەرەکییەکە ئەوەیە جێبەجیکردنی ئەم بڕیارە لەوانەیە ئیحراجی سیاسی دروست بکات، بۆ ئەمەش لە زانستی کارگێڕیدا بابەتێك هەیە کە پێی دەڵێن: (بەرگریکردن لە گۆڕانکاری) ئەوجا ئەو گۆڕانکارییە گۆڕانکاریی کارگێڕی بێت، یان تەکنەلۆژی ڕێگری لێدەکرێت، بۆ ئەمەش دەتوانرێت چارەسەرێك بدۆزرێتەوە کە بڕیارەکە بەو جۆرە بێت کە نەبێتە هۆکاری ئەوەی کاریگەریی دارایی ڕابردووی لەسەر کەڵەکە بێت، ئەمەش واتە بڕیارەکە جێبەجێ دەکرێت بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئاستی ڕاستەقینەی خۆی، نەك ئەو زیادەی لەساڵانی ڕابردوو وەریگرتووە، هەمووی لێ وەربگیرێتەوە.

سەبارەت بە جێبەجێکردنی ئەم چاکسازییانە دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کە ئێستا هەرێمی کوردستان لە دووڕیانێکدایە، یان ئەوەیە دەبێت ئەم چاکسازییە ئەنجامبدات بۆ ئەوەی خۆی لەم قەیرانە دەرباز بکات، یاخود دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکات، بەردەوامبوونی ئەم حاڵەتە دامەزراوەکانی حکومەت بەرەو هەڵوەشانەوە ببات.

ئەم چاکسازییانە دەبێتە هۆکاری ئەوەی خەرجییەکانی خەزێنەی حکومەت کەم ببێتەوە، بۆ ئەوەی مانگانە بتوانێت مووچەی فەرمانبەران بدات، ڕاستە لە ئێستادا هەوڵێك هەیە کە حکومەتی هەرێمی و حکومەتی ناوەندی بگەنە ڕێککەوتنێك، بەڵام بگەنە ڕێککەوتن، یان نەگەن، ئەم چاکسازییانە پێوستن و دەبێت دەستیان پێبکرێت، ئەمەش زەمینەی ئەوە خۆش دەکات کە بتوانین سیاسەتێکی ئابووری دابڕێژین، بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان بەڕێوەبەرین، کە چۆن داهاتی حکومەت زیادبکەین. هەندێك باس لەوە دەکەن کە ئێمە بایەخ بە گەشتیاری بدەین، ڕاستە

**هاوکات لەگەڵ دەست بەکاربوونی دەستەی دەستپاکیی هەرێم، قەیرانی ئابووری رووی لە کوردستان کردووە، هەر بۆیە ئەم قەیرانە هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی ئەم دەستەیە نەتوانێت وەک ئەوەی خۆی ئامانجی بووە، کارەکانی ئەنجامبدات، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش ئەم دەستەیە لەو کاتەوەی دامەزراوە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی بۆ دەیان و سەدان کەیسی گەندەڵی ئەنجامداوە**

**ئێستا هەرێمی کوردستان لە دووڕیانێکدایە، یان ئەوەیە دەبێت ئەم چاکسازییە ئەنجامبدات بۆ ئەوەی خۆی لەم قەیرانە دەرباز بکات، یاخود دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکات، بەردەوامبوونی ئەم حاڵەتە دامەزراوەکانی حکومەت بەرەو هەڵوەشانەوە ببات**

ئەمە دەبێتە سەرچاوەیەکی داهات، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبەر چاو بێت کە کوردستان پاریس و ڤێنسایە نییە، ساڵانە بە ملیۆنەها گەشتیار سەردانی بکات و پارەیەکی زۆر لەم بوارەوە دابین بکرێت.

سەبارەت بە لایەنێکی دیکە بۆ دابینکردنی سەرچاوەی داهات، دەمەوێت باس لە سندوقی خانەشینی و سندوقی شەهیدان بکەم، بۆ ئەمەش دەکرێت سەرچاوەیەکی داهات بۆ ئەم دوو سندوقە دابین بکەین، هەر بۆ نموونە: لەبری ئەوەی پرۆژەیەکی گەورەی ستراتیژی بدرێتە کەسێك بە دەیان ملیۆن دۆلار قازانج بکات، دەکرێت ئەو پرۆژە ستراتیژییە بدەینە سندوقی شەهیدان، یان سندوقی خانەنشینان، بەمەش حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکارییەکی کەم دەتوانێت خەرجییەکی گەورەی لە کۆڵ بێتەوە.»

● د. محەمەد ڕێکانی نوێنەری داواکاریی گشتی لە هەرێمی کوردستان:
**ژمارەی زۆری یاسا و ڕێنماییەکانی تایبەت بە خانەنشین و پلەتایبەتەکان جۆرێك لە فەوزای دروستکردووە**

هەڵسەنگاندنی پرۆژە چاکسازییەکەی حکومەت لە رووی یاساییەوە، لایەنێکی دیکەی ئەو پەنێڵە بوو، ئەمەش لەبەر ئەوەیە چەندین یاسا و ڕێنمایی جیاواز سەبارەت خانەنشین و پلەتایبەتەکان و کارگێڕی مەدەنی کاریان پێدەکرێت، ئامانج لەم پرۆژەی چاکسازییە ئەوەیە کە بە یاسایەك ئەم ئیشکالیەتە چارەسەر بکات، سەبارەت بەم لایەنە د.محەمەد ڕێکانی نوێنەری داواکاریی گشتی لە پەنێڵەکەدا بەمجۆرە رای خۆی لەسەر پرۆژەی چاکسازییەکە دەربڕی:

«پێش ئەوەی بێمە سەر قسەکردن لەسەر پرۆژەی چاکسازییەکە، دەمەوێت بە کورتی باس لەو یاساو ڕێنماییانە بکەم کە پەیوەستن بە پرسی خانەنشینی و مووچە لەکوردستاندا، ئاشکرایە تەنیا لەم بوارەدا بێجگە لە ڕێنماییەکان زیاتر لە ١٤ یاسا کاریان پێدەکرێت، کە دەتوانین بڵێین ئەم ژمارە زۆرەی یاسا و



## د. محەمەد ڕێکانی
نوێنەری داواکاریی گشتی لە هەرێمی کوردستان:

# ژمارەی زۆری یاسا و ڕێنماییەکانی تایبەت بە خانەنشین و پلەتایبەتەکان جۆرێک لە فەوزای دروستکردووە

**خەڵکانێکی زۆر لەبەر هۆکاری سیاسی پلەی تایبەتیان پێدراوە و ماوەی ١٥-٢٠ ساڵە بەشێوەیەکی نایاسایی پارە وەردەگرن، هەروەها هەندێک لە فەرمانبەران ماوەی ١٥-٢٠ ساڵ خزمەتیان بۆ زیادکراوە، ئەویش هەر لەبەر هۆکاری سیاسی بووە، هەموو ئەمانەش بە جۆرێک کراون کە لەگەڵ یاسا کارگێڕییەکاندا یەک ناگرنەوە**

**ئەو کاتانەی کە پشکی ١٧٪ لە بودجەی عێراق دەهاتە کوردستان، بێگومان سیولەیەکی زۆر دەهاتە ناو هەرێمی کوردستان، ئەم سیولە زۆرە لە چوارچێوەی پلانێکی ئابووریی تۆکمە مامەڵەی لەگەڵ نەکراوەو نەتوانراوە بخرێتە خزمەتی ڕێکخستنەوەی هەیکەلەی ئابووریی هەرێمی کوردستان، ئەمەش وایکردووە قەبارەی هەیکەلی کارگێڕیی حکومەت لە ئاستی خۆی زۆر گەورەتر بێت**

ڕێنماییەکان جۆرێك لە فەوزای یاسایی و ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی دروستکردووە. هەر بۆ نموونە ئەو یاسایانەی لە هەرێمی کوردستان سەبارەت بە خانەنشینی دەرچوون:

١- یاسای ژمارە ١٢ و ١٣ ساڵی ١٩٩٩ تایبەت بە خانەنشینکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.

٢- یاسای ژمارە ١٨ تایبەت بە سندوقی خانەنشینیی پارێزەرانی کوردستان.

٣- یاسای ژمارە ٧ی ساڵی ٢٠٠٠ تایبەت بە خانەنشینیی پێشمەرگەی کەمئەندام.

٤- یاسای ژمارە ٣٦ی ساڵی ٢٠٠٧ تایبەت بە خانەنشینیی پلە کارگێڕییە باڵاکان.

٥- یاسای ژمارە ٣٤ ساڵی ٢٠٠٧ تایبەت بە خانەنشینیی زێرەڤانی.

٦- یاسای ژمارە ٣٨ی ساڵی ٢٠٠٧ تایبەت بە خانەنشینیی پێشمەرگە.

٧- یاسای ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠١٠ تایبەت بە مووچە و دەرماڵەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

٨- یاسای ژمارە ٢٣ی ساڵی ٢٠٠٧ تایبەت بە خانەنشینکردنی دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی.

٩- هەروەها یاسای ئیمتیازاتی زیندانیانی سیاسیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٠، پاشان هەمووارکردنەوەی یاسای خانەنشینیی بیمەی کۆمەڵایەتی لە ٢٠١٢.

ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین زیاتر لە ١٥ یاسا لە هەرێمی کوردستان تایبەت بە خانەنشینی و مووچە دەرکراون، ئەو یاسایەشی کە ئێستا لە هەموویان گرنگتر کاری پێدەکرێت یاسای ژمارە ٢٧ی ساڵی ٢٠٠٦ خانەنشینانی یەکگرتووی عێراقییە، ئیشکالیەت لەگەڵ ئەم یاسایە ئەوەیە کە هیچ یاسایەکی بەرکاری لە پەرلەمانی کوردستان بۆ دەرنەچووە، تەنیا بەپێی بڕیاری ژمارە ٦٩٤٣ ی کە لە ٢٠٠٨/٦/٢٤ دەرچووە لەبەر ڕۆشنایی ئەم بڕیارە وەزارەتی دارایی ڕێنمایی ژمارە ٣٧ی لە ٢٠٠٨ دەرکردووە و یاساکەی حکومەتی عێراقی جێبەجێ کردووە و تەمەنی خانەنشینانی بە ٦٣ ساڵ دیاری کردووە، پاشانیش ئەوەی داوای خانەنشینی دەکات تەمەنی لە ٥٠ ساڵ کەمتر نەبێت.

ئیشکالیەتی کارکردن بەم یاسایە ئەوەیە، بەپێی بڕیاری ژمارە ١١ی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستان، کار بە هیچ یاسایەکی حکومەتی عێراق ناکات، هەتا پەرلەمانی کوردستان بڕیاری مەشروعیەتی بۆ دەردەکات. بەڵام حکومەت بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان ئەم یاسایەی جێبەجێ کردووە، سەبارەت بەم حاڵەتە پرسیار لە ئەنجومەنی شورای کوردستان کراوە، ئەویش لە دوو حاڵەتدا بەدوو ڕای جیاواز وەڵامی داوەتەوە:

١- سەبارەت بە یاسای ژمارە ٢٧ی ساڵی ٢٠٠٦ی یاسای خانەنشینانی یەکگرتووی عێراقی، لە ساڵی ٢٠١١ پرسیار لە ئەنجومەنی شورا کراوە و لەوەڵامدا، دەڵێت: لەبەر ئەوەی ئێستا ئەو ڕێگرەی پێشتر هەبووە لابراوە، واتە ئەو کات دەمانگوت ڕژێمی بەعس شەرعیەتی نییە، بەڵام ئێستا کورد هاوبەشە لە حکومەتی عێراق، ئەوا دەکرێت ئەو یاسایە جێبەجێ بکرێت.

٢- بەڵام هەمان ئەنجومەنی شورا، لە ساڵی ٢٠١٣ سەبارەت بە یاسای حکومەتی عێراق، تایبەت بە بەکرێدانی موڵك پرسیاری لێکراوە، لەوەڵامدا ئاماژەی بە بڕیاری ژمارە ١١ی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان کردووە، بەمەش واتە دەبێت جارێکی دیکە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە یاسای بۆ دەربچێتەوە.

سەبارەت بە پرۆسەی چاکسازییەکەی حکومەت کە ڕەوانەی پەرلەمانی کردووە کە لە ٨ بەش پێکهاتووە و ٢٠ ماددەی لە خۆی گرتووە، لەبەشی یەکەمدا باس لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەکات، بەوەی چ کەسێك دەگرێتەوە و لە چ بوارێك جێبەجێ دەکرێت، بەشی دووەمی باس لە خانەنشینەکان دەکات، بەشی سێیەم باس لە ڕێکخستنەوەی دەرماڵە و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان دەکاتەوە، بەشی چوارەم باس لە قەدەغەکردنی یەکجار سوودمەندبوون زیاتر دەکات، بەشی پێنجەم باس لەبواری سەربازی و هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ دەکات، بەشی

شەشەم باس لە دەرماڵەکان و پلە تایبەتەکان دەکات، بەشی حەوتەمیش باس لە هەژمارکردنی خزمەت دەکات و بەشی هەشتەمیش باس لە بڕیاری کۆتایی دەکات.

هەندێك تێبینی لەسەر ئەم پرۆژە چاکسازییە هەیە، ئەویش ئەوەیە ئەم پرۆژە یاسایە زیاتر لە شەش یاسا لەخۆی دەگرێت، وەك (خانەنشینی، مووچە، دەرماڵە، بەخشینی ئیمتیازات،) ئەمانە هەر یەکەیان یاسای خۆی هەیە، بۆیە دەبێت ناوێکی هەبێت کە توانای ئەوەی هەبێت هەموو ئەم یاسایانە کۆبکاتەوە، خاڵێکی دیکە پێناسەکردنەوەی زاراوەکانە، لەم پرۆژەیەدا پێناسەکان دیاری نەکراون، هەر بۆ نموونە لە شوێنێك داوای چالاککردنی سندوقی خانەنشین دەکات و لە شوێنێکی دیکە باس لە کاراکردنی دەکات، دەبێت ئەم زاراوانە یەکبخرێن. سەبارەت بە بەشی پێنجەم کە باس لە پلەتایبەتەکان دەکات، ئاماژە بەوە دەکات دەبێت خانەنشینان گرێبدرێنەوە بە ماددەکانی ٣٧ و ٣٨ی یاسای ژمارە ٩ ساڵی ٢٠١٤ خانەنشینی یەکگرتوویی عێراق، بەڵام دادگای فیدراڵی هەردوو ماددەکەی بە بیانووی نادەستووری بوون ڕەتکردۆتەوە، لە هەمانکاتدا پەرلەمانی عێراق یاساکەی هەموار نەکردۆتەوە. سەبارەت بەم تێبینییە، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران ڕوونکردنەوەی داوە، دوایین خاڵ کە دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم، مەسەلەی تانەدانە لە حوکمی یاساکە. پرسیار ئەوەیە ئەم تانەدانە لەلایەن چ دەستە و دادگایەکەوە دەبێت؟ هەر بۆ نموونە کەسێك مووچەکەی دەبڕێت، دەبێت لە دەزگایەك تانە لەو حوکمە بدات.»

## • د.ئەنوەر ئەحمەد سەرۆکی دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستان:
## ئەم چاکسازییە بۆ کوردستان هێندە ناچارییە وەك ئەوەیە نەخۆشێکت هەبێت بەناچاری و بەبێ بەنج نەشتەرگەری بۆ بکەیت



**د.ئەنوەر ئەحمەد**

**سەرۆکی دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستان:**

**ئەم چاکسازییە بۆ کوردستان هێندە ناچارییە وەک ئەوەیە نەخۆشێکت هەبێت بەناچاری و بەبێ بەنج نەشتەرگەری بۆ بکەیت**

هاوکات لەگەڵ دەست بەکاربوونی دەستەی دەستپاکیی هەرێم، قەیرانی ئابووری ڕووی لە کوردستان کردووە، هەر بۆیە ئەم قەیرانە

**ئەو قەیرانە گەورەیەی ئابووری کە لەدوای ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧وە رووبەڕووی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆتەوە، نەک هەر لەتوانای حکومەتێکی لۆکاڵ لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی دیکتاتۆری (بەناو فیدراڵی) گەورەترە، بەڵکو لەتوانای حکومەتێکی دەوڵەمەندی وەک دەوڵەتی (قەتەر) یش گەورەترە، کە تەنیا سێ دەوڵەتی دراوسێی گەمارۆیان خستبووە سەر**

**لەسەرەتاوە بە دوو شێواز هەوڵیداوە ئەم ئامانجەی جێبەجێ بکات، یەکەمیان بە پەنابردنی بۆ هێزی سەربازی و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بۆ ئەوەی هەولێر و دهۆک داگیر بکات و کۆتایی بە کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان بهێنێت، کە ئەم ئامانجەیان بە بەرگریی جوامێرانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان تێشکێنرا، هەوڵی دووهەمیشیان ئەوەبوو کە دەیویست بەشێوەی یاسا و بڕیار، ناوی هەرێمی کوردستان بسڕێتەوە، بەڵام ئەمەشیان لە میانەی هەوڵە چڕوپڕە دیپلۆماتییەکانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی شکستی هێنا**

هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی ئەم دەستەیە نەتوانێت وەك ئەوەی خۆی ئامانجی بووە، کارەکانی ئەنجامبدات، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش ئەم دەستەیە لەو کاتەوەی دامەزراوە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی بۆ دەیان و سەدان کەیسی گەندەڵی ئەنجامداوە، ئەوجا لەبەر ئەوەی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی خۆی بەشێکە لە چاکسازی، ئەوا دەستەی دەستپاکی لایەنێکی پەیوەنداری ئەم پرۆژەیە دەبێت، سەبارە بە هەڵسەنگاندنی ئەم پرۆژەیە د.ئەنوەر ئەحمەد سەرۆکی دەستەی دەستپاکیی هەرێمی لە پەنێڵەکەی پەرلەماندا بەمجۆرە هەڵسەنگاندنی بۆ پرۆژەکە کرد:

«لەگەڵ ئەوەی ئەم پرۆژەی چاکسازییە بەشێوە فەرمییەکەی لەلایەن حکومەتەوە نێردراوە بۆ پەرلەمان، بەڵام هەماهەنگی و کاری نێوان دەزگاکان و لیژنە پەیوەندیدارەکانی پێویستە و هەر یەکەو بەپێی توانای خۆی هەوڵیداوە چاکسازی لە کوردستان دەست پێبکات.

ئێمە وەك دەستەی دەستپاکیی هەرێم، کە کارەکەمان تایبەتە بە رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، ئەوا کاتێك بمانەوێت جەخت لەسەر هەر کەسێك بکەینەوە، خاڵی سەرەکی دەبێتە ئەوەی چۆن چاکسازی بکەین، بۆیە چاکسازی چەترێکی گەورەترە لە دژایەتی گەندەڵی کە یەکێکە لە خاڵەکانی ناو پرۆژەی چاکسازی، دیارە بۆ ئەو وڵاتانەی وەك وڵاتی ئێمە کە گەندەڵی بۆتە پەتایەکی سەرەکی و هەموو جومگەکانی دامەزراوەکانی ئێمەی گرتۆتەوە، ئەوا چاکسازی دەبێت زۆر بە جددی بە فراوانی دەستی پێبکرێت، ئەگەرچی لەوانەیە هەندێك لە سەرنەکەوتنی کارەکانی چاکسازی هۆکاری سیاسیشی لە پشتەوە بێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی تا ئێستا کراوە، بارتەقای ئەو بارە خراپە نییە کە ئێمە تێیداین، بۆیە لە حاڵەتی لەمجۆرە، ئەوا پێویستە لە کوردستان رێوشوێنی زۆر بەهێز و پێویست بگیرێتەبەر، لەبەر ئەوەی بارودۆخی ئێستای ئێمە، وەك بارودۆخی ئەو نەخۆشەیە کە بارودۆخی بە ئاستێك خراپە، کە ناچار دەبین بەبێ ئەوەی بەنجی بکەین، نەشتەرگەری بۆ ئەنجام بدەین، بۆ ئێستای ئێمەش ئەنجامدانی چاکسازی بەو ئاستە پێویستە. بەداخەوە هەندێك جار لە کوردستان باجی زۆر قورس دراوە بۆ ئەوەی پرۆسەکە دوابخرێت، بەڵام چەند ئەم پرۆسەی چاکسازییە دوابخرێت، دەرهاویشتە نەرێنییەکانی زیاتر دەبێت، بۆیە هیچ گومانی تێدا نییە، پرۆژەیەکی لەمجۆرە کە قازانجی بۆ دەیان هەزار کەس دەبێت، ئەگەر نەڵێین سەدان هەزار کەس هەیە، ئەوا ئەم کێشەیە پەیوەندی بە شێوازی بەڕێوەبردنی وڵات هەبووە لە رابردوودا، ئەم پرسە رەخنەی زۆری لێگیراوە، بەڵام ئێستا گرنگ ئەوەیە چۆن بتوانین ئەم پرۆسەیە چارەسەر بکەین، بەتایبەتی کە لە ئێستادا باری ئابووری زۆر خراپە و دەبێت دەستی پێبکەین، من دڵنیام ئەگەر بارودۆخی ئابووری بەو ئاستە خراپ نەبوایە و وەك پێشان پشکی ١٧٪ بهاتایە بۆ کوردستان زۆر کەمتر بیرمان لەم چاکسازییە دەکردەوە، بەڵام هەتا ئەگەر لەگەڵ بەغداش رێکبکەوین و پارەی زیاتریش بێتە کوردستان، هەرێمی کوردستان هەر پێویستی بەم چاکسازییە و رێکخستنەوەی کاروبارەکانی خۆی هەیە، ئێمە بە حوکمی کارەکەمان چەند جارێك سەردانی دەستەکانی دەستپاکیی هەردوو حکومەتی ئوردن و لوبنانمان کردووە، ئەوان ژمارەی فەرمانبەرانیان بۆ نموونە لە لوبنان بەبێ کەرتی سەربازی، نزیکەی ١٥٠-٢٠٠ هەزار فەرمانبەرە، لە ئوردنیش ٢٣٠-٢٤٠ هەزار فەرمانبەریان هەیە، بەڵام لە کوردستان ژمارەی فەرمانبەرانمان چەند قات لە هی ئەوان زیاترە، لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتووانی ئێمە لەوانەیە لە هی ئەوانیش کەمترە، راستە ئەم پرۆسەیە کەڵەکەبووی چەندین ساڵە و بە ئاسانیش لە بارودۆخێکی خراپی ئابووریدا چارەسەر ناکرێت، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە هەموو ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستان لەبەر هۆکاری نادادپەروەری بووە، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی متمانە لەنێوان دامەزراوەکانی حکومەت و خەڵکدا نەمێنێت، بۆیە تەنیا بە ئەنجامدانی چاکسازی و بەتایبەتیش لە رێگەی پەرلەمانەوە کە بەرزترین دامەزراوەی کوردستانەو یاسا بۆ ئەم چاکسازییە دەردەکات، هەروەها دەشتوانێت

چاودێریی جێبەجێکردنی یاساکەش بکات، دەتوانرێت دەست بە چاکسازییەکە بکرێت.

لایەنێکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی لەسەر بکەم، ئەو ئاستەنگانەیە کە لەکاتی دارشتنی ئەم یاسایە رووبەرووی دەبنەوە، بەڵام من دەڵێم ئەو ئاستەنگانە زۆر کەمترن لەو ئاستەنگانەی لەکاتی جێبەجێکردنی رووبەرووی دەبێتەوە، زۆربەی ئەو ئاستەنگانەش بە هۆکاری سیاسی دروست دەکرێن.

ئێمە لە ساڵی ٢٠١٦ لێکۆڵینەوەیەکمان پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران کرد، لەم لێکۆڵینەوەیەدا کارمان لەسەر پلەکانی (١و٢و٣)ی فەرمانبەران کردبوو، بۆ ئەمەش دوو مەرجمان بۆ فەرمانبەران دانابوو، یەکەمیان بروانامە و دووەمیان ساڵانی خزمەت، پاشان بۆمان دەرکەوت و تەنیا لەم سێ پلەیە ١٣٠٠ حاڵەتی پێشێلکاریمان دەستنیشان کرد.

سەبارەت بە پلەتایبەتەکان، چەندین جار نووسراوی فەرمی لەلایەن داواکاری گشتی و دەزگای دیوانی چاودێری کراوە بۆ ئەوەی ئەو پرۆسەیە رابگیرێت، بەڵام ئەم پرسە دواکەوت، هەتا ئەم پرۆژە چاکسازییەی ئێستا، ئەمەش هێڵێکی گشتییە بۆ ئەوەی کەرتی کارگێری راست بکرێتەوە، لەوانەیە هەموو کێشەکانیش چارەسەر نەکات، بەڵام هەنگاوێکی گرنگیشە.

هەروەها سەبارەت بە پێشمەرگە، پرسەکە هەر ئەوەندە نییە ئەوانە لەسەر چ یاسایەك خانەنشین کراون، یان بە چ یاسایەك هەڵدەوەشێتەوە، دیارە چەندین پێشمەرگەی دێرین هەن کە بە یاساش مافی خۆیان پێنەدراوە، بۆیە ئامانج لەم پرۆژەیە ئەوەیە کە جۆرێك لە دادپەروەری دروست بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانەی موستەحەقن لە کاتی خۆیدا مووچەی خۆیان وەربگرن.

سەبارەت بە چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەی چاکسازییە، راستە هەندێکی دەکرێت بە رێنمایی هەڵبوەشێتەوە، یان بەشێکی تریان پێویستی بە هەموارکردنی یاسایە، بەڵام کۆی دەنگی بەشداربوان بەو جۆرە بوو کە یاسایەك بۆ ئەو پرۆژەیە دەربچێت و پەرلەمان پشتگیریی ئەو یاسایە بکات و سەرپەرشتیی جێبەجێکردنی بکات.



د. فرسەت سۆفی
ئەندامی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان:

## ئەم پرۆژەی چاکسازییە دەبێتە هۆکارێک بۆ یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە ئەمەش گرنگترین هۆکارە کە پێویستە پەرلەمان پشتگیری لێ بکات

**د. فرسەت سۆفی ئەندامی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان: ئەم پرۆژەی چاکسازییە دەبێتە هۆکارێك بۆ یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە ئەمەش گرنگترین هۆکارە کە پێویستە پەرلەمان پشتگیری لێ بکات**

فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بەگشتی و فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەم قەیرانەوە پشتگیری تەواوی پرۆژەی چاکسازییان کردووەو پەرلەمانتارەکانی فراکسیۆنی پارتی رۆڵی گرنگیان لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی کەیسەکانی گەندەڵی و ئامادەکردنی پرۆژەی چاکسازی گێڕاوە.

د. فرسەت سۆفی پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی کوردستان یەکێکە لەو پەرلەمانتارانەی کاری زۆر ورد و جددی لەسەر پرۆسەی چاکسازی کردووەو بە هاوکاری لەگەڵ پەرلەمانتارەکانی دیکە پرۆژەیەکی چاکسازی ئامادەکردووەو پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران کراوە بۆ هەڵسەنگاندن، هەروەها ئەو هۆکارانەی وادەکەن کە پەرلەمانی کوردستان پشتگیری ئەم پرۆسە چاکسازییەی حکومەت بکەن، د.فرسەت بەمجۆرە ئەو هۆکارانەی بۆ ئامادەبوانی پەنێڵەکە دەستنیشان کرد:

«گرنگترین هۆکار کە وادەکات ئێمە پەرلەمانتارانی کوردستان پشتگیریی ئەم پرۆژە چاکسازییە بکەین، ئەوەیە ئەم پرۆژەیە یەکەکانی ٧٠ و ٨٠ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکاتە یەکەی ژمێریاری، ئەمەش چارەسەری ئامانجێکی گەورەی سیاسیی ئێمە دەکات، کە ئەویش یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر توانیمان هێزەکانی پێشمەرگە لە رووی داراییەوە یەك بخەینەوە، دەرگایەکی زۆر گەورە بەرەو یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە لە چوارچێوەی یەك یەکەی ژمێریاری لەناو وەزارەتی پێشمەرگە بە رووماندا دەکرێتەوە.

لایەنێکی دیکە کە زۆر گرنگە پشتگیریی ئەم پرۆژەیە بکەین، مەسەلەی پاسەوانانی دامەزراوەکانی کوردستانە، ئێستا زیاتر لە ٣٠ هەزار پاسەوانمان هەیە کە هەر بەشێکیان سەر بە شوێنێکە، لەم پرۆژەیەدا هەموو ئەو پاسەوانانە لە چوارچێوەیەی یەك یەکە بەناوی یەکەی پاسەوانی ناوخۆ کۆدەکرێتەوە و هەمووشیان بە یەك لیست رێکدەخرێن بۆ پاسەوانی دامەزراوەکانی حکومەت.

خاڵێکی دیکە مەسەلەی پێدانی دەرماڵەکانە، بێگومان دەرماڵەکان شایستەی ئەو کەسانەن کە لە بواری تایبەتمەندیی خۆیان و بۆ کارکردن لە پیشەکەی خۆیاندا دەرماڵەی مەترسی وەردەگرن، بەڵام کەسێك بۆ نموونە بەدەرچووی بەشی کیماش بێت، ئەگەر لەبواری کارەکەی خۆی کارنەکات، بۆ دەرماڵەی مەترسی کیمایی پێ بدرێت؟ ئەم پرۆژەیە ئەو دەرماڵانەش رێکدەخات، خاڵێکی دیکە هەژمارکردنی ساڵانی خزمەتە کە زۆر کەس بە هەژمارکردنی خزمەت پلەی وەزیفی لە پلەی هەشتەوە تاچۆتە پلەی یەك، ئەم پرۆژەیە ئەو بوارەش رێکدەخاتەوە.

لایەنێکی دیکەی گرنگ مەسەلەی میلاکاتە، هەر بۆ نموونە لە کتێبەکەی بریمەر باس لەوە دەکات کە لەناو سوپای ئەمریکادا ٥٠٠-٨٠٠ پلەی سەربازی لە نێوان پلەی عەمید هەتا فەریق هەیە، بەڵام لە وەزارتی پێشمەرگەم پرسی ئێمە چەندمان هەیە، پێیان راگەیاندین لە پلەی عەمید تا فەریق ١٠هەزار کەسمان هەیە، هەر بۆیە ئێمەش پێویستمان بەوەیە بە پێی میلاکات پلەی سەربازی بەرز بکەینەوە، ئەگەر میلاك نەبوو، نابێت پلە بەرز بکرێتەوە، ئەمەش خاڵێکی دیکەی ئەم پرۆژەی چاکسازییە دەبێت.

کێشەیەکی دیکە کە ئەم پرۆژەی چاکسازییە چارەسەری دەکات، کێشەی بەرپرسە موعەوەمەکانە، چەندین کەسمان هەیە پشتر قائیمقام بووە، یان بەڕێوەبەری گشتی بووە، ئێستا بێکارە، بەڵام هەمان ئیمتیازاتی پێشانی هەیە، بۆ ئەم پرۆژەیە ئەم کێشەیە چارەسەر دەکات، یان ئەوەیە رەوانەی خانەنشینیان دەکات، یان بەپێی بوار کاری دیکەیان پێ دەسپێرێت. ئەمانەش ژمارەیان ٤٠٠-٥٠٠ کەس دەبێت.

دروستکردنی سندوقی خانەشینی بۆ یەکخستنەوەی هەموو خانەنشینان، یەکێکە لە دەستکەوتەکانی ئەم پرۆژە یاسایە.

**پیادەکردنی سیستمی بایۆمەتری بۆ تۆمارکردنی ناوی فەرمانبەران بکەین، ئەم سیستمە کە هەنگاوێکی زۆر گەورە بوو بۆ ڕێکخستنەوەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، لە هەمانکاتدا سیستمێکی ئەلیکترۆنی پێشکەوتووشە، بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوەکانی خۆی لە چوارچێوەی حکومەتی ئەلیکترۆنی (e-government) ڕێکبخاتەوە و هەڵسووڕاندیان چالاک بکات**



پێدانی ڕۆڵێکی کاریگەر لە هەر سێ لایەنی (دەستەی دەستپاکی، دیوانی چاودێریی دارایی، داواکاری گشتی) بۆ وردبینیکردن و جێبەجێکردنی یاساکە، دیاریکردنی ماوەیەکی دیاریکراو کە ٩٠ ڕۆژە بۆ ئەوەی هەموو لایەك خۆی لەگەڵ ئەم یاسایە بگونجێنێت.

لایەنێکی دیکە کە دەمەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەم، پرسی ژمارەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانە کە ڕۆژانە خۆمان لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە ریکلامی بۆ دەکەین و دەڵێین زیاتر لە ١,٢ ملیۆن فەرمانبەرانمان هەیە، بەڵام ئەم قسەیە ڕاست نییە و ئێمە لە هەرێمی کوردستان تەنیا ٦٩٧ هەزار فەرمانبەرمان هەیە، ئەمەش دابەشبووە بەسەر هەردوو کەرتی سەربازی و پۆلیس و ئاسایش کە ژمارەیان ٢٤٧ هەزار کارمەندە، هەروەها کەرتی مەدەنی کە ژمارەیان ٤٥٠ هەزار فەرمانبەرە، ئەوەی دیکە کە دەکاتە ٥٢٠ هەزار مووچەخۆر ئەمانە بریتین لە بوارەکانی خانەنشینی و چاودێری کۆمەڵایەتی و کەسوکاری شەهیدو ئەنفالکراوەکان، بۆیە کاتێك حکومەتی عێراق دەڵێت، ئێمە ٢,٢ ملێون مووچەخۆرمان هەیە، چۆن دەبێت کوردستان ١,٢ ملیۆن مووچەخۆری هەبێت، پرسەکە بەو جۆرە نییە، لە عێراقدا ٩ ملێۆن مووچەخۆر هەیە کە ٦٠٠ هەزاریان مووچەی لە کارکەوتن وەردەگرن وەك فەرمانبەرانی کارگە داخراوەکان، ئەمانە لەگەڵ ئەوەی هیچ کارێك ناکەن، بەڵام هەموو ئیمتیازاتێکیش وەردەگرن.

لایەنێکی دیکەی گرنگ کە کارێکی زۆر باشی لەسەر کراوەو سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، سیستمی بایۆمەترییە، ئەم سیستمە بۆخۆی بانکێکی گەورەی زانیارییە، تەنیا بە یەك کلیك دەتوانێت هەموو داتاکانی چاکسازی بخاتە بەردەستمان و لەبەر ڕۆشنایی ئەو داتایانە دەتوانین ئەو چاکسازییەی پێویستە ئەنجامی بدەین، بەڵام لەبەر ئەوەی وەك پێویست نەمانتوانیوە سوود لەم سیستمە وەربگرین، دەبینین کاریگەرییەکەی وەك خۆی دەرنەکەوتووە. گرنگیی ئەم یاسایەش بۆ پرۆژەی چاکسازی ئەوەیە کە یاساکە جێبەجێ بکرێت، ئەگەر تەنیا یاساکە دەربچێت و پاشان جێبەجێ نەکرێت، هیچ سوودیکی نابێت، هەر بۆ بیرهێنانەوە، پێشتریش بڕیاری زۆر گرنگ دەرکراون، وەك بڕیاری بڕینی کارەبای تەجاوز لە ساڵی ٢٠١٦، هەروەها بڕیاری گێڕانەوەی ٧٢٥ ملیۆن دۆلار قەرزی حکومەت لای دەوڵەمەندەکان لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەو بڕیارانە جێبەجێ نەکراون، بۆیە دەبێت بە هەموو توانای خۆمانەوە پشتگیریی ئەم یاسایەی چاکسازی بکەین بۆ ئەوەی بتوانرێت جێبەجێ بکرێت.

**قۆناخبەندییەک کرابوو بۆ هەنگاوەکانی چاکسازی بۆ ئەوەی هەنگاو بەهەنگاو ئەو پرۆژە گەورە و هەمەلایەنە جێبەجێ بکرێت و هیچ دەرهاویشتەیەکی نەرێنی لەسەر گوزەرانی خەڵک و ئاشتیی کۆمەڵایەتی بە جێ نەهێڵێت**

### دکتۆر ئەشواق جاف ئەندامی پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# ئەگەر عەبادی ئیرادەیەکی راستەقینەی هەبێت دەکرێت کێشەکان لەسەر بنچینەی دەستوور چارەسەر بکرێن

## لە ئێستادا پەیوەندییەکانی کوردستان و بەغدا قۆناغی لێدوانی رۆژنامەگەریی تێپەڕاندووە و چۆتە قوناغی پێکەوەدانیشتن

**بە هۆی ئاوارەبوونی بەشێکی خەڵکی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و لەبەر نەبوونی یەک لیستی و لە ئارادابوونی فشارێکی سەربازی لەو ناوچانە، ئەوا دەنگی کورد کەمتر دەبێتەوە**

**پێویستە چارەسەری پرسی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگای کەرکووک لەسەر بنەمای دەستوور بکرێت. چونکە باوەڕمان وایە ئەگەر بدرێتە دەستی ئەنجومەنی نوێنەران ئەوا ناسنامەی کوردستانیبوونی لێ دادەماڵن**

*** ئایا دوای دیدارەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عەبادی ئاسۆی چارەسەرکردنی کێشەکان دەرکەوتووە؟**

- دەتوانین بڵێین کە دوای ئەم دیدارە، ئەگەر عەبادی ئیرادەی سیاسی راستەقینەی هەبێت، ئەوا دەکرێت گفتوگۆ و دانیشتن بکرێت و لەبەر رۆشنایی دەستوور و یاسادا کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بکرێت، بەڵام نەك بە میزاجی سیاسی بە چەشنی ئەوەی لە رابردوودا بینیمان کە لە دەرئەنجامیشدا عێراق بە رۆژگاری ئێستا گەیشت.

*** پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا بەرنامەیان چییە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان لەدەست ئەو قەیرانە دارایی و گەمارۆیە توندە رزگاری بێت کە بەغدا تووشی کردوون؟**

- بەداخەوە هەندێ پەرلەمانتار هەن لە بری ئەوەی پرۆژە بۆ خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان پێشکەش بکەن، هەڵدەستن بە پێشکەشکردنی پرۆژەیەك دژ بە هەرێمی کوردستان، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەو کەسانە بە دوای بەرژەوەندی حزبی و کۆکردنەوەی دەنگن، نەك بەرژەوەندیی میللەت. ئەوەش ئاشکرایە کە هەر هێزێك ئەگەر یەکڕیز نەبێت، ئەوا لاواز دەبێت. ئێمە لە خولەکانی رابردوودا ئەگەر نەشمانتوانیبێت وەك پێویست مافەکانی کورد دەستەبەر بکەین، بەڵام توانیمان بەر بەو یاسایانە بگرین کە مافی کوردیان پێشێل دەکرد.

*** ماوەیەکە بەبیانووی وردبینی، ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە جێبەجێ نەکراوە، ئێوە وەکو پەرلەمانتارێك هیچ ئومێدێکتان بەبەغدا هەیە کە ئەو مووچانە بنێرێت؟**

- یەکەم خاڵ کە ئەوان باسی دەکەن ئەوەیە گوایە لیستەکان بە کوردییە، ئێ باشە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، زمانی فەرمی نین لەم وڵاتەدا. ئەوەی پەیوەست بێت بە وردبینیشەوە، ئەوا تا رادەیەکی زۆر تەواو بووە و پێویستە بە رەزامەندی عەبادییەوە، بەڵام ئەوەی دەیبینین ئەوەیە کە عەبادی یاری بە کات دەکات. بەڵام ئێمە لە سەر هەوڵەکانی خۆمان بەردەوام دەبین و هیواداریین بینرێن.

*** ئەم نییەت خراپییە لەسەر پرۆژە یاسای بودجەش دیارو روون بوو، ئێوەی پەرلەمانتارانی کورد چیتان بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیە بەم هەموو پێشێلکارییەوە تێپەڕ نەبێت؟**

- تا ئێستا پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٨ی عێراق خوێندنەوەی یەکەمی بۆ نەکراوە، ئێمەش وەك کورد دژی ئەوەین خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت، پێش ئەوەی لەگەڵ عەبادی دانیشتن بکەین، لەکاتێکدا عەبادی مەبەستێتی ئەو پرۆژە یاسایە لە پەرلەماندا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت، چونکە دوای ئەم خوێندنەوەیە ناتوانرێت هیچ بڕگەیەك بگۆڕیت، ئەگەر گۆڕیت، سەرۆك وەزیران دەتوانێت تانەی لێ بدات. هەر لەبەر ئەمەشە عەبادی نایەوێت دانیشمان لەگەڵدا بکات پێش خوێندنەوەی یەکەم. خۆ ئەگەر خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، ئەوا ئێمە بایکۆتی دەکەین، چونکە گرفتەکە لەوەدایە پەرلەمان ئەو دەسەڵاتەی نییە بۆ زیادکردنی بودجە تەنیا مافی کەمکردنەوە و گواستنەوەی بڕگەکانی نێو پرۆژە یاساکەی هەیە، لەو لاشەوە عەبادی کە گوایە کاتی نییە لەگەڵ پەرلەمانتارەکانی عێراق دابنیشێت و باسی پرسی بودجە بکات، کەچی کاتێکی زۆری هەیە بۆ پرسەکانی پەیوەست بە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بۆ هەڵبژاردنەکان.

*** کەواتە ئەگەر تێپەڕنەکرا و بودجەی ساڵی ٢٠١٧ کرا بە بنەما ئایا تا چەند بەغدا بە بەشە بودجەی کوردستانەوە پابەند دەبێت ؟**

- من زۆرم بێ سەیر بوو کە زۆر لە پەرلەمانتارە شیعەکان پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە سیناریۆی ٢٠١٤ دووبارە دەبێتەوەو ئەم بودجەیە پەسەند ناکرێت، خۆ ئەگەر باسی ئەوەش دەکرێت کە رەنگە بەم شێوەیە پشکی کورد وەکو بودجەی ساڵی ٢٠١٧ بمێنێتەوە کە لە ١٧٪ بووە، ئەوا من دەڵێم لە ساڵی ٢٠١٧دا چی بە کورد بڕا؟ ئایا ئەو بودجەیەش جێبەجێکرا لە پەیوەندی بە پشکی کوردەوە؟



**لە ئێستادا هەوڵ و کۆششێکی زۆر خراوەتەگەڕ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق، هەروەها کار بەو ئاراستەیە دەکرێت کە بەغدا ناچار بکرێت پابەند بێت بە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ باسکردن لەسەر ئەو پرسە و تاتوێکردنی چەند پرسێکی پەیوەندیداری دیکە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ دکتۆر ئەشواق جاف ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجامدا، لێرەدا پوختەکەی بڵاودەکەینەوە.**

*** سەبارەت بە پرسی هەڵبژاردنەکانی عێراق؛ لەدواجاردا دادگای فیدراڵی ئەم پرسەی یەکلاکردەوە، ئایا دوای ئەم بڕیارە پرسی هەڵبژاردنەکان بەرەو کوێ دەچێت؟**

- هەڵبژاردنەکانی عێراق پرسێکی دەستوورییە، هەربۆیە ئێمە وەکو فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لەسەرەتاوە وتوومانە: دەبێت ڕێز لە وادە دەستوورییەکان بگیرێت و هەموو ماددەو بڕگە یاساییەکانی ناو دەستوور وەکو یەك پاکێج جێبەجێ بکرێت، هەربۆیە ڕای دادگای فیدراڵی لەسەر هەڵبژاردنەکان ڕایەکی تەواو و لەجێی خۆیدا بوو، ئەولەویەتیش بۆ بڕیارەکانی ئەو دادگایە لەوەدایە کە دەبێت هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆیدا بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەو هۆکارانەی سوننە پێشکەشیان کردووە بۆ دواخستنی هەڵبژاردنەکان، هۆکاری واقیعین و دەبێت حکومەتی عێراق کاری لەسەر بکات و هەموو ئەو هۆکارانەش چارەسەر بکات، ئێمەش لە یاسای هەڵبژاردنەکان چەند خاڵمان جێگیر کرد کە حکومەتی فیدراڵی پێش دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکان پابەند دەکات بە چارەسەرکردنی، وەك ئەوەی دەبێت چەك تەنیا لەدەستی دەوڵەتدا بێت. هەروەها دەنگدان لە هەموو ناوچەکانی عێراق بێت و بە ئەلەکترۆنی بێت.

*** ئێستا کەرکووك بە شارێکی داگیرکراو دادەنرێت، ئایا پرسی هەڵبژاردن لەو شارەدا چۆن دەبێت و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- من دەڵێم بەداخەوە دەبووایە فراکسیۆنە کوردستانییەکان پێکەوە کاریان لەسەر ئەم پرسە بکردایەو یەکڕیز و یەکهەڵوێست بن، جیاوازیی بۆچوونەکەش ئەوەیە کە ئەوان پێیانوایە پێویستە چارەنووسی کەرکووك بدرێتە دەستی ئەنجومەنی نوێنەران، ئێمەش دەڵێین: پێویستە چارەسەری پرسی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگای کەرکووك لەسەر بنەمای دەستوور بکرێت. چونکە باوەڕمان وایە ئەگەر بدرێتە دەستی ئەنجومەنی نوێنەران ئەوا ناسنامەی کوردستانیبونی لێ دادەماڵن.

*** ئایا لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا کورد پێویستە چی بکات بۆ ئەوەی بە سەرکەوتویی ئەم پرۆسەیە جێبەجێ بکات و پارێزگاری لەمافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان بکات؟**

- خاڵی یەکەم ئەوەیە کە پێموایە کورد لەم هەڵبژاردنانەدا دەنگی زیاتر بەدەست ناهێنێت، بەڵکو هەندێ دەنگیش لە دەست دەدات، بەتایبەتی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، چونکە ئێمە هاوارمان کرد با بە یەك لیست بەشداری بکەین، بۆ ئەوەی دەنگەکانمان نەچێت بۆ لیستەکانی دیکە، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون بچنە نێو یەك لیستەوە. پێمان وتن کە دەرس لە هەڵەکانی ساڵی ٢٠١٤ وەربگرن کە دەنگەکانی کورد چوون بۆ لیستەکانی دیکە. بۆیە بە هۆی ئاوارەبوونی بەشێکی خەڵکی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوە و لەبەر نەبوونی یەك لیستی و لە ئارادابوونی فشارێکی سەربازی لەو ناوچانە، ئەوا دەنگی کورد کەمتر دەبێتەوە. دواتر باس لەوە دەکرێت کە با دوای هەڵبژاردن کورد بیر لە هاوپەیمانێتی بکاتەوە لەگەڵ لیستەکانی دیکە، ئێ باشە نابێت ئێمە سەرەتا بیر لە یەکڕیزی نێوماڵی خۆمان بکەینەوە؟

*** دۆسیەی ئاوارەکانی کورد لە خورماتوو و ناوچەکانی کوردستانییەکانی دیکەی دەروەری هەرێم تاچەند کاری لەسەر کراوە؟ ئایا ئومێد بە پەرلەمانی عێراق هەیە لەسەر ئەم دۆسێیە بەدەنگ بێت؟**

- ئەوەی تا ئێستا کراوە ئەوەیە کە لیژنەیەك پێکهێنراوە، ئێمە داوامان کردووە لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە کار بکات:

١- ئەوانەی تاوانیان کردووە بدرێنە دادگا.
٢- ئاوارەکان بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.
٣- زیان لێکەوتووان قەرەبوو بکرێنەوە.
٤- کارێك بکرێت بۆ گەڕانەوەی پێکەوەژیان لەو ناوچانە.

ئەم داواکارییانەش هەمووی یاسایین، هەربۆیە چاوەڕوانی تەواوکردنی کارەکانی لیژنەکەین کە بڕیارە دوای تەواوبوونی کاری لیژنەکە ڕاسپاردەکانی پێشکەش بە پەرلەمانی عێراق بکات و پەرلەمانیش دەبێت پەسەندی بکات.

**عەبادی کە گوایە کاتی نییە لەگەڵ پەرلەمانتارەکانی عێراق دابنیشێت و باسی پرسی بودجە بکات، کەچی کاتێکی زۆری هەیە بۆ پرسەکانی پەیوەست بە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بۆ هەڵبژاردنەکان**

**هەندێ پەرلەمانتار هەن لە بری ئەوەی پرۆژە بۆ خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان پێشکەش بکەن، هەڵدەستن بە پێشکەشکردنی پرۆژەیەک دژ بە هەرێمی کوردستان، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەو کەسانە بە دوای بەرژەوەندی حزبی و کۆکردنەوەی دەنگن، نەک بەرژەوەندی میللەت**

# عەفرین و سوڕەتی ئەلفەتح

ڕووداوی هێرش بۆ سەر عەفرین لەلایەن دەوڵەتی تورکیا، یەکێکە لەو کردەوە و هەنگاوە ستەمکارییانە، کە بووە ئەڵقەیەکی تر لە زنجیرەی ئەو ستەم و سەرکوتکارییانەی لە ڕابردوو بە دەستی تورك بەسەر گەلی کورد هێنراون.

شوومە بۆ دەوڵەتێك بە بڕوای خۆی ئیدیعای ئیسلام و دیموکراسیەت بکات و لاف و گەزافی خیلافەتی ئیسلامی لێ بدات، کەچی بەو شێوە دڕندانە هێرش بکاتە سەر هاووڵاتیانی سڤیلی عەفرین و خاك و خەڵکی بکاتە ئامانجی ئۆپەراسیۆنی سەربازی، بێ گوێدانە بەها ئەخلاقی و ئینسانییەکان!

ئەو هێرشە وەنەبێ بۆ بەگژداچوونەوەی تیرۆرو تێکشاندنی ئیرهاب و نەهێشتنی ستەمی دەوڵەتی سووریا بێت بەرامبەر ڕۆڵەکانی! بەڵکو هێرشە بۆ لەباربردنی کۆی ئاوات و خەون و هەنگاوەکانی کورد لە پرۆسەی نەتەوەیی و سیاسیی ناوچەکە.

ئەمە لە کاتێکدا کورد داوای مافی خۆی دەکات، نەك پیادەی ستەم و مەترسی بێت بۆ سەر ئارامی وڵاتانی دەوروبەر، بۆیە ئەوەی دەرهەق بە کورد کرا لە ڕۆژئاوا بە دەستی ڕژێمی سووریاو دواجار ڕێککەوتنی چوار لایەنەی نێوان عێراق و تورکیا و ئێران و سووریا بۆ لێدان و خستنی عەفرین و دوورخستنەوەی کورد لە گەیشتنی بە ئاواتەکان، وێڕای ئەوەی ستەمێکی گەورەیەو لەژێر هیچ دەقێکی قورئانی جێی نابێتەوەو پاساو هەڵناگرێ، لەهەمان کاتدا جێی تێڕامان و هەڵوەستەیە لەبەر سێ هۆ:

یەکەم: قوڵبوونەوەی هەستی نەتەوەپەرستی و ڕەگەزپەرستی ئەو وڵاتانەو دان نەنان بە جگە لە خۆیان و شەرعیەتدان بە کوشتن و قڕکردن.

دووەم: بەکارهێنانی دین و بڵندگۆی مزگەوت و پیاوانی ئایینی و ناوەندە ئایینییەکان بۆ شەرعیەتدان بەو کردە نامرۆڤانەیە.

سێیەم: بێ هەڵوێستی و دوفاقیەتی ئەوانەی ئیدیعای دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ دەکەن! بەتایبەت لە جیهانی ئیسلامیدا.


هەڵوەستەکە بۆ ئێمەمانان، گەلی کوردی موسڵمان گرنگە، چونکە تورکیای دوای ئەتاتورك هێندەی لە بەرگێکی ئیسلامی خۆی نمایش دەکا، هێندە ناپڕژێتە سەر لاپەڕەکانی سەردەمی عەلمانیەت، کەچی لە ستەمێکی وەك ئۆپەراسیۆنی عەفرین یەکانگیر دەبنەوەو جیاوازییەکی ئەوتۆیان لێ بەدی ناکرێ.

ئەو هەنگاوە ئەوە نیشان دەدات تورکیا دین بۆ بەرژەوەندی و سیاسەتی خۆی بەکار دێنێ، نەك خزمەتی ئیسلام و ئۆمەی ئیسلامی، ئەمەش نەك تەنیا پێچەوانەی ویژدان و لۆژیکە، بەڵکو ناچێتە چوارچێوەی دۆخی پاراستنی ئەمنی و ئایندەی دینداری گەلی تورکیاشەوە، لەوە خراپتر نییە بۆ وەها هێرش و داگیرکارییەك بەرگی ئایینی دەکاتە بەرو دەیشەرعێنێ و دەزگاو پیاوانی ئایینی ڕادەسپێرێ بۆ خوێندنی سوڕەتی ئەلفەتح لە بڵندگۆی مزگەوتەکان بە مەبەستی پشتگیری و پشتیوانی مەعنەوی بۆ ڕەوایەتی هێرشەکەو داگیرکردنی عەفرین و ڕەشبکوژی و ئاوارەکردنی هەزارەها خەڵکی سنوورەکە.

تەجرەبەی ئەو بەکارهێنانەی دین بۆ لێدان و لەناوبردنی کورد بۆ ئێمە شتێکی تازە نییە، بەڵکو بەعس بە ناوی ئەنفال و داعش بەناوی جیهادو

**وڵاتانی ئیسلامی و ناوەندو مەرجەعە ئایینیەکان تا ئێستاش ئیدانەی ئەو هەنگاوە ستەمکاریەی تورکیایان لە عەفرین نەکردووە لە ئاستی ئەو تاوانە بێ هەڵوێستن**

**بەعس بە ناوی ئەنفال و داعش بەناوی جیهادو ئێران بەناوی ئەلفەجرو سەئرولحوسەین دەمێکە تاقیان کردۆتەوە لەو پەنایەو بەناوی ئیسلامەوە نەهامەتی زۆریان بەسەر هێناین**



## مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی*

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

> **ئەوەی دەرهەق بە کورد کرا لە ڕۆژئاوا بە دەستی ڕژێمی سووریاو دواجار ڕێککەوتنی چوار لایەنەی نێوان عێراق و تورکیا و ئێران و سووریا بۆ لێدان و خستنی عەفرین و دوورخستنەوەی کورد لە گەیشتنی بە ئاواتەکان، ستەمێکی گەورەیەو لە ژێر هیچ دەقێکی قورئانی جێی نابێتەوەو پاساو هەڵناگرێ**

ئێران بەناوی ئەلفەجرو سەئرولحوسەین دەمێکە تاقیان کردۆتەوەو لەو پەنایەو بەناوی ئیسلامەوە نەهامەتی زۆریان بەسەر هێناین.

کە ئەمە وێڕای ئەوەی پێچەوانەی هەموو بنەماکانی ئیسلام و شەریعەتە، لەهەمان کات هەنگاوێکی مەترسیدارە بۆ عاقیبەتی خۆیان (ولا یحيق المكر السيء إلا بأهله).

ئەو دوژمنکاری و ستەمە بەناوی دین بۆ وڵاتانی ئیسلامی، کە تا ئێستا لێی بێدەنگن جێی شەرمەزارییەکی گەورەیە، چونکە ئەوەی شارەزای ئەلف و بێی دین بێ، دەزانێ ئیسلام بۆ بیناکردنی ئینسانە نەك لێ سەندنەوەی ژیان.

لە ئیسلامدا قەتل تاوانێکی یەکجار گەورەیە، تەنانەت لەدیدی شەریعەتەوە رووخاندن و تێکدانی کەعبەی پیرۆز کە رووگەو قیبلەی ئۆمەتی ئیسلامە ئاسانترو ئەهوەنترە لە کوشتنی کەسێکی موسڵمان بە ناهەق! و لەناوبردنی کەسێك بە زوڵم و بێتاوان وەك ئەوە وایە تەواوی مرۆڤایەتی لەناو ببردرێت!

دەی ئەگەر کارێکی وا بەناوی ئیسلام و سوڕەتی قورئانەوە بێت، چ کارەساتێکە؟ ئەگەر بەزاندنی سنوورو داگیرکردنی خاك و وێرانکردنی ئاوەدانی و رەشبکوژی و شاربەدەرو ئاوارەکردن بێت چ تاوانێکە؟

هەموو ئەوانەی دەوڵەتی تورکیا دەیکات، بە تایبەت بەکارهێنانی ئیسلام لەو مەسەلەدا، بۆ شاردنەوەی گەورەیی تاوانەکەو بۆیاغی جورمەکەو دروستنەبوونی پەڵەی رەشە بەنێوچاوانی سوڵتان و گەوجاندنی گەلی تورکیاو تەشجیعکردنی هێزو دەزگا ئەمنییەکانە، ئەگەرنا چ رەوای هەقە فرمێسکی تیمساحی بۆ بۆرماو قودس برێژێ، لێرەش قەتل و عام بکات و سوڕەتی بۆ بخوێنێ؟! چ ڕەوای هەقە قورئان بەرز بکاتەوە، کەچی پێچەوانەی ناوەڕۆکەکەی عەمەل بکات؟ مەگەر کورد مرۆڤ نییە؟ موسڵمان نییە؟!

خۆ کێشە شەڕی کوفرو ئیمان نییە، تا ئیسلامی بۆ بەکار بێنی، یاخود بۆ ئەوە نییە داخۆ عەفرینییەکان نوێژ دەکەن، یان نا، بەڵکو کێشە تەنیا کوردبوون و نەتەوەیی و سیاسییە، قسەی ئێمەش لەسەر زوڵمە کە هەر کەس بیکات هەر تاوانە، ئەو کردەش داگیرکاری و کوشتوبڕە بەناوی ئیسلام و سوڕەتی قوڕئانەوە، لێرەوەیە تورکیا هەڵەی کردووە.

ئەو ستەمە گەورە بەو ناوە پیرۆزە لەعەقڵی سیاسەتی تورکیا، زیاتر بۆ گەمارۆی پرۆسەی چالاکییە سیاسییەکان و لاوازکردن و لەباربردنی سەرچاوەی وزەو گۆڕینی جوگرافیای سنوورەکەو تێکشاندنی هەر هەنگاوێکی کوردە، کە ئەگەری بەرەو پێشچوون و گەیشتن بە مافەکانی لێ بکرێت، چ جای هەنگاوێك ئاماژەی مافی چارەنووس و سەربەخۆیی لێ بەدی بکرێت.

دژایەتی مافی ڕەوای کورد وەك نەتەوەیەك، کە خوای گەورە بە کوردی دروستی کردووە، لە ئەسڵدا دژایەتیکردنی ویستی خوایە، چونکە هەموو نەتەوەکان لە چوارچێوەی ئیسلام و پەیامی ئاسمانی خاوەنی مافن، چما گەلی کورد لێی حەڕام بێت؟!

ئەوەی کراو دەکرێ جێی نیگەرانی و داخە، وەلێ داخی لەوە گەورەتر ئەوەیە وڵاتانی ئیسلامی و ناوەندو مەرجەعە ئایینیەکان تا ئێستاش ئیدانەی ئەو هەنگاوە ستەمکاریەیان نەکردووەو لە ئاستی ئەو تاوانە بێ هەڵوێستن، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش هەر لێ گەڕێ.!

*** ماستەر لە یاسای ئیسلامی**



# هۆشیاری و پەروەردەی ژینگەیی وەک پێویستییەکی نیشتمانی



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گولان دەینووسێت

بەڵگەنەویستە کە گەڕانەوە بۆ پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان لەبارەی ژینگەوە، هەنگاوێکی بەرایی و گرنگە بۆ چوونە نێو جیهانی پاراستنی ژینگەوە لە دەروازەی پەروەردەی ژینگەییەوە.

سیمیناری جیهانیی (بەلگراد) بۆ پەروەردەی ژینگەیی چوارچێوەیەکی جیهانیی چاکی بۆ ئەم ڕەهەندە دارشت، کە پێویستە ئێمەی کورد ئاگاداری ئامانجەکانی پەروەردەی ژینگەیی بین.

ئامانجی پەروەردەی ژینگەیی بەرچاوڕوونکردنی مرۆڤەکانە لە سروشتی ئاڵۆزی ژینگە کە لەکارلێکردنی نێوان لایەنە بایۆلۆژی و فیزیکی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی ژینگەوە سەرچاوەی گرتووە. هەروەها پەروەردەی ژینگەیی لەهەوڵی دروستکردنی ڕۆشنبیرییەکی نیشتمانییە لەبارەی گرنگی ژینگە لەبواری پەرەپێدان و لەخەمی بەشدارپێکردنی هەموو ناسنامەکانی خەڵکیشدایە بەشێوازێکی مەسئولانەو کاریگەر لە دارشتنی ئەو بڕیارانەی کە پەیوەستن بە ژینگەی ئەو کەسانەوە.

بۆیە پەروەردەی ژینگەیی دەبێت لەهەوڵی بڵاوکردنەوەی زانیاریی ئەوتۆ بێت لەبارەی پرۆژەی جێگرەوە بۆ ئەوانی پێشوو، بە شێوەیەك کە ئەو پرۆژانە ئاسەواری زیانبەخش بەسەر ژینگەوە بەجێ نەهێڵن. هەروەها دەبێت بانگەواز بکات بۆ گرتنەبەری ڕێگایەك بۆ ژیان کە بواربدات بە دامەزراندنی پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ ژینگەداو، هەوڵیش بدات بۆ پێکهێنانی هۆشیارییەکی روون سەبارەت بە ڕۆڵی تەواوکاریی ژینگە لەجیهانی ئەمڕۆدا، بەشێوەیەك ئەو بڕیارانەی کە وڵاتێك دەیدات، لەسەر ئاستی هەموو جیهان ئاسەواری زۆری لێدەکەوێتەوە.

بۆیە پەروەردەی ژینگەیی لەهەوڵی پەرەپێدانی گیانی لێپرسراوێتی و هاوکاریشدایە لەنێوان وڵاتانی جیهاندا بەبێ گوێدانە ئاستی پێشکەوتنی هەریەك لەو وڵاتانە، ئەمەش بەمەبەستی پێکهێنانی زەمینەیەك بۆ سیستمێك کە ژینگەی مرۆڤ بپارێزێ و چاکیشی بکات و پەرەشی پێبدات. هەموو ئەم ئامانجانەش بەوە بەدیدەهێنرێن کە پرۆسەیەکی پەروەردەیی بەڕێ بخرێت بۆ بڵاوکردنەوەی (ڕۆشنبیری) و (بەها) و( پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی ڕەفتارکردن) بەشێوەیەك کەمرۆڤ بە گرفت و چارەسەرەکانی ژینگە ئاشنا بکات.

سەبارەت بە (ڕۆشنبیری) پێویستە بەرپرسان لە (فێرکردن و پەروەردە) هۆکاری پێویست ئامادە بکەن بۆ ئاستە جیاجیاکانی خوێندن و پەیوەندیی نێوان ئەو هۆکارە بایۆلۆژی و فیزیکی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییانە ڕوون بکەنەوە کە کۆنترۆڵی ژینکە دەکەن، هەروەها پێویستە ژینگە تایبەتەکان بخەنە بەر باس و لێکۆڵینەوەو ئەزموونی مەیدانی، هەموو ئەمانەش بە مەبەستی پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی ڕەفتارو چالاکییەکان بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگە.

سەبارەت بە (بەها)کانیش پێویستە پەروەردەی ژینگەیی لە هەوڵی چاککردنی جۆری ژینگە بێت، چونکە ناکرێت گۆڕانکاریی ریشەیی لە ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵ بەرامبەر بە ژینگە ئەنجام بدرێت، تا ئەو کاتەی زۆربەی ئەو (تاك) ـانە ئازادانەو هۆشیارانە (بەها)ی ئەوتۆ پەسند نەکەن کە جۆرێك لە خۆکۆنترۆڵکردنیان تێدا بڕوێنێ بۆ ئەوەی ژینگە پارێزبن.

بۆیە پەروەردەی ژینگەیی لەهەوڵی ئەوەشدا دەبێت کە ئەوە روون بکاتەوە بۆ (تاك)ـەکانی کۆمەڵگە کە (بایەخ) و (بەها ) ئەخلاقی و جوانکاریی و ئابورییەکانی ئەوان ڕۆڵی ئیجابی لەسەر پاراستنی ژینگە هەیە.

سەبارەت بە (پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی ڕەفتار)یش ئامانج ئەوەیە کە تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگە زۆرێك لەتوانای پراکتیکی و تەکنەلۆژی بۆ دابین بکرێت، بۆ ئەوەی چالاکیی ژیرانە لەبواری ژینگەدا ئەنجام بدەن، واتە هەل ڕەخساندن لە گشت قۆناغەکانی خوێندندا بۆ دەستەبەرکردنی زانیاری و ڕۆشنبیرییەکی ئەوتۆ کە هانیان بدات بۆ بەشداریکردن لە دانانی چارەسەری گونجاو بۆ گرفتە تایبەتییەکانی ژینگە. هەموو ئەم ئامانجانەش پێکەوە پرۆسەیەکی پەروەردەیی یەکگرتوو پێك دێنن، چونکە ناکرێت بە چالاکی پەروەردەیی تاك و تەرای لێرەو لەوێ بچووك بەتەنیا، بەرنامەیەکی گشتگیرو نوێ بۆ ژینگە پەرەپێبدرێت.

بۆ بەکرداریکردنی ناوەڕۆکی ئەم پەیماننامە جیهانییەو ئەوانی دیکەش زۆر هەوڵی نێوخۆییمان هەبووە لەهەرێمی کوردستاندا کە دیارترینیان یەکەمین کۆنفرانسی ژینگەیی بوو کە بە چاودێری بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو پێش چەند ساڵێك و لەلایەن دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستانیشەوە ڕێکخرابوو، کە بە کۆمەڵێك ڕاسپاردەی گرنگەوە کۆتایی بە کۆنفرانسە دوو ڕۆژییەکەی هێنا لەپێنج بواردا، ئەم خاڵانەی لای خوارەوەش گرنگترین ڕاسپاردەکانی بواری هۆشیاری و پەروەردەی ژینگەیی بوون:

- پەروەردەی ژینگەیی لە ناوەندکانی خوێندن و خوێندنی باڵادا بخوێندرێت.
- تۆڕێکی ژینگەیی سەرتاسەری بۆ ڕێکخراوەکان دابمەرزێت و بە پلانێکی ستراتیژی کار بکات.
- دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە

کار لەسەر ئەوە بکات داهاتی سزادان (غرامە) بخرێتە سندوقی پاراستنی ژینگەوە.

- داواکردن لە خوێندنی باڵا بۆ زیاترکردنی ژمارەی ماستەرنامە و دکتۆرانامە لە بواری ژینگەدا.

- کارکردن لەسەر تەرخانکردنی بڕێك لە بودجەی نووسینگەی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان (NGO) کان بۆ ڕێکخراوەکانی ژینگەپارێزی.

- کارکردن بە بڕگە و ماددەکانی تایبەت بە غەرامەکردن لە چوارچێوەی یاسای ژمارە (٨) ی ساڵی (٢٠٠٨).

- کردنەوەی کەناڵێکی تایبەت بە ژینگە لەلایەن دەستەوە. یان بەرنامەی ژینگەیی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە.

- دروستکردنی تۆڕێکی میدیایی ژینگەیی بۆ ڕێکخراوەکان بۆ ئەوەی ببێتە پردی پەیوەندیی نێوان ڕێکخراوەکان و دەستە.

- گرنگیدان بە ڕێکخراوەکانی ژینگەپارێزی.

- کردنەوەی زیاتری یانەی ژینگەیی لە قوتابخانەکاندا.

- ڕێکخستنی کەمپینی ژینگەیی بۆ یارمەتیدان و بیرخستنەوەی حکومەت بە کێشەکانی ژینگە.

- کارکردنی ڕێکخراوە ژینگەییەکان لەسەر هۆشیارکردنەوەی زیاتری ئەندامەکانی خۆیان لە پێشدا.

- هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بۆ بەخشینی بەشێك لە یارمەتییە داراییەکانیان بە ڕێکخراوە ژینگەییەکان.

- بردنە دەرەوەی کۆڕ و سیمیناری ژینگەیی لە شارەوە بۆ دەرەوەی شارەکان بۆ نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە.

- داهێنانی پێشبڕکێی ژینگەیی لە نێوان قوتابخانەکاندا.

- ڕێکخراوە ژینگەییەکان باشتر چاودێریی کارەکانی کەرتی گشتی و تایبەت بکەن.

- تەرخانکردنی بەشێك لە چالاکییەکانی ساڵیادو بۆنەی حزبەکان بۆ هۆشیاریی ژینگەیی.

- دەستپێکردن بە پرۆسەی پەروەردەی ژینگەیی لە باخچەی ساوایانەوە.

- تەرخانکردنی کاتێك لە کۆبوونەوەی هەفتانەی پێنج شەممەی قوتابخانەکاندا بۆ هۆشیاریی ژینگەیی.

- هەوڵدان بۆ بەخۆماڵیکردنی ئەزموونە جیهانییەکان لە بواری هۆشیاریی ژینگەییدا .

- هاندانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆ ئامادەکردن و پێشکەشکردنی زیاتری بەرنامە ژینگەییەکان.

- تێکەڵبوونی زیاتری ڕێکخراوە ژینگەییەکان لەگەڵ چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا.

- هەوڵدان بۆ دروستکردنی سەنتەرێکی ژینگەیی لە زانکۆکان بە هەماهەنگی لەنێوان دەستەی پاراستن و چاککردنی - ژینگەو وەزارەتی خوێندنی باڵادا.

- گەیاندن و خستنەڕووی زیاتری مەترسییە ژینگەییەکان بە ئاستە



باڵاکانی ناوەندی بڕیاری سیاسی بۆ زیاتر ئاگاداربوونیان بە گرنگی و بایەخی پاراستن و چاککردنی ژینگە.

- هەمووارکردنەوەی ئەو مادده و بڕگانە لە یاسای ژمارە (٨)ی (٢٠٠٨) بەمەبەستی تۆکمەکردن و گشتگیرکردنیان بۆ زیاتر چەسپاندنی هۆشیاری ژینگەیی.

- بایەخدانی زیاتر بە هونەری فۆتۆگرافی وڤیدیۆیی لە بواری ژینگەپارێزیی و بایەخدان بە ژینگە.

- بایەخدان بە دەستخستنی زانیاریی ژینگەیی و داتابەیس لە بواری ژینگەپارێزیدا.

- پەیوەندیکردن بە نووسەران و شارەزایانی بواری ژینگەیی بۆ نووسین لە بواری ژینگەدا.

- بە چاپگەیاندنی زیاتری کتێب و نامیلکەی منداڵان لە بواری ژینگەپارێزیدا.

- سوودوەرگرتنی زیاتر لە مامۆستایانی زانکۆ و کەسانی پسپۆڕ لە بواری کاری ژینگەییدا.

- پێکهێنانی تۆڕی سپۆنسەر بۆ چالاکییەکانی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لەبواری هۆشیاریی ژینگەییدا.

- بایەخدان بە تەرخانکردنی توانای دارایی بۆ ژینگە هۆشیاریی لە گشت ناوەندەکانی کاردا.

- ئەنجامدانی خولی بەردەوامی ڕاهێنان بۆ چالاکوانانی ژینگەپارێزی.

- هەوڵدان بۆ دابینکردنی سەرچاوەی زانستی لە بواری ژینگەدا بە زمانی کوردی.

- پەیڕەوکردنی سیستەمی خەڵاتکردن بۆ منداڵان لە بواری ژینگەپارێزیدا وەك خەڵاتکردنیان لەگێڕانەوەی مادده بەکارهاتووەکان.

- هەوڵدان بۆ زیاتر کاراکردنی پرۆژەی یانەی ژینگەیی لە رووی دابینکردنی کادری پسپۆڕ و بودجە و شوێن و کاتەوە.

- بیرخستنەوەی ناوەندەکانی بڕیار بۆ بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی وەزەی خاوێن و نوێبووەکانی وەك تیشکی خۆر، ئاو، با، گەرما.

- پێدانی ڕێنمایی ژینگەیی بە گەشتیارانی بیانی لە هەرێمی کوردستاندا بۆ باشتر پاراستنی ژینگە.

- هاریکاری لەگەڵ مامۆستایانی ئایینی بۆ تێهەڵکێشکردنی بابەتی ژینگەپارێزیی لەگەڵ وتارەکانی ڕۆژانی هەینیدا.

- پێدانی کورسیی تایبەت بە فەرمانبەرانی دەستەی پاراستنی ژینگە لە بەشی ژینگەی سەر بەکۆلێژەکان.

- کردنەوەی خولی ڕاهێنانی ڕاگەیاندنی ژینگەیی بۆ کادیرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

- نوێکردنەوەو کاراترکردنی سایتی ئەلکترۆنی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە.

- بیرکردنەوەی ژینگەدۆستان لە بیرۆکەی دامەزراندنی پارتێکی ژینگەیی.

- هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی دیاردەی فڕێدانی شتومەك لە ئۆتۆمبێلەکانەوە لە ڕێگەی هەڵمەتی زیاتری هۆشیارییەوە.

- پێویستیی هەبوونی هێڵێکی گەرم بۆ پەیوەندیکردنی خێرا لە نێوان دەستە و هاووڵاتییان بەبێ بەرامبەر.